# CORONAVIRUS AND CHRIST

# ڤایرۆسی کرۆنا و

# مەسیح

نووسینی
جان پایپەر

وەرگێڕانی
چیاکۆ قادر

# ڤایرۆسی کرۆنا و مەسیح

نووسینی:
جان پایپەر

وەرگێڕانی:
چیاکۆ قادر


Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, PanckCity 16

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS I NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە:
Originally published in English under the title:
Coronavirus and Christ
Copyright © 2020 by Desiring God Foundation
Published by Crossway
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187
ISBN: 978-1-4335-7359-0
All Rights Reserved.

Kurdish Edition Copyright 2021 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

هەموو مافەکانی وەرگێڕانی چاپی کوردیی ٢٠٢١ی ئەم بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی "هاند ئۆف هێڵپ"ەوە پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێت، یان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی ببەخشرێت، مەگەر ئەوەی کە تەنها دەقی کورتی لێ وەربگیردرێت و ئاماژە بە ناوی بەرهەم و نووسەر بکرێت.

- ناوی کتێب: ڤایرۆسی کرۆنا و مەسیح
- نووسەر: جان پایپەر
- وەرگێڕانی: چیاکۆ قادر
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٢
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٠٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

# ناوەڕۆک

لاپەڕە

ئامانجی نووسین: ڤایرۆسی کرۆنا ............................................................. ١

**وەرزی یەکەم: خودای دەسەڵاتدار لەسەر ڤایرۆسی کرۆنا**

بەشی یەکەم: بەرەو بەردەکە .............................................................. 5

بەشی دووەم: بناغەیەکی پتەو ............................................................. ١٣

بەشی سێیەم: بەردێکی ڕاستودروست ..................................................... ١٩

بەشی چوارەم: دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا .................................. ٢٥

بەشی پێنجەم: شیرینی دەسەڵاتی ئەو ..................................................... ٣١

**وەرزی دووەم: خودا لەڕێی ڤایرۆسی کرۆنا چی دەکات؟**

بیرۆکەی سەرەتایی: بینین و ئاراستەکردنی ڕوانگەکان ................................ ٣٩

بەشی شەشەم: دەرکەوتنی ناشیرینی گوناه ............................................... ٤٥

بەشی حەوتەم: ناردنی حوکمی خودایی دیاریکراو ......................................... ٥١

بەشی هەشتەم: بانگەوازی ئامادەیی بۆ هاتنی دووەم .................................... ٥٥

بەشی نۆیەم: دووبارە ڕێکخستنەوەمان

لەگەڵ بەها هەتاهەتاییەکەی مەسیح ...................................................... ٥٩

بەشی دەیەم: ئەنجامدانی کاری چاک لەنێو مەترسیدا ................................... ٦٧

بەشی یازدەیەم: هەڵتەکاندنی ڕەگەکان بۆ گەیشتن بە نەتەوەکان ............ ٧٥

نوێژی کۆتایی ............................................................................. ٧٩

# ئامانجی نووسین:

## ڤایرۆسی کرۆنا

ئـەم کتێبـە بچووکـە لـە کۆتایـی مانگـی ئـازاری سـاڵی ٢٠٢٠ نـووسراوە، لـە سـەرەتاکانی بڵاوبوونـەوەی ئـەم پەتـا جیهانییـەی بـە نـاوی کرۆنایـە، یـان بەناوبانگـە بـە نـاوی «کۆڤیـد-١٩» (نەخۆشـی ڤایرۆسـی کرۆنـا ٢٠١٩). ئـەم ڤایرۆسـە کار دەکاتـە سـەر سـییەکان، وە لـە خراپترین بارودۆخـدا، دەبێتـە هـۆی خنـکان.

لـە ١١ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٠ یەکـەم حاڵەتـی مـردن بـە هـۆی ئـەم ڤایرۆسـە لـە وڵاتـی چیـن ڕاگەیەنـرا. لـە کاتێکـدا مـن خەریکـی نووسـینی ئـەم کتێبـەم، سـەدان هـەزار حاڵەتـی تووشـبوون بـەم ڤایرۆسـە لـە جیهانـدا هەیـە، وە دەیـان هـەزار کـەس مـردوون، هەتـا ئێسـتا چارەسـەرێکی دیاریکـراوی نییـە.

لـە کاتێکـدا ئـەم کتێبـە دەخوێنیتـەوە، ڕەنگـە لـە مـن زیاتـر زانیاریـت پـێ گەیشـتووە سـەبارەت بـە گەشەسـەندنی ڕووداوەکان. پێویسـت نـاکات بچینـە نـاو وردەکارییەکانـی ڕێوشـوێنەکان کـەوا دەگیرێتـە بـەر بـۆ هێواشـکردنی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکە، یـان ئـەو زەرەرە مادییانـەی کـە لـە هـۆکاری ئەمـەوە هاتـووە. هـەروەک گەشـتکردن و تێکەڵاوبوونـی کۆمەڵایەتـی، سـەرباری کۆنفراسـەکان، کۆبوونەوەکانـی کڵێسـا، شـانۆ، چێشـتخانە، هەروەهـا یارییـە وەرزشـییەکان، و کۆمپانیـاکان و کارکـردن -خەریکـە بـە تـەواوی ڕابگیرێـن.

ئەمـە شـتێکی نـوێ نییـە و پێشـتر پەتـای هاوشـێوەی ئەمـە هەبـووە -لەسـەر ئاسـتی جیهانـی یـان لـە ئەمریـکا. بـە هـۆی پەتـای ئەنفلۆنـزای جیهانـی[a] کـەوا لـە سـاڵی ١٩١٨ بڵاوبوویـەوە (بەگوێـرەی خەمڵاندنەکانـی ناوەندەکانـی خۆپارێـزی لـەو نەخۆشـییانەی بـڵاو دەبێتـەوە)، لـە سەرتاسـەری جیهـان پەنجـا ملیـۆن کـەس مـردن[b]،

---

a ئـەم پەتایـە بـە «ئەنفلۆنـزای ئیسـپانی» نـاسراوە، لەنێـو سـەربازانی شـەڕکەری یەکەم جەنگی جیهانی سـەریهەڵدا. ڕۆژنامەگـەری ئیسـپانیی یەکەمیـن لایـەن بـوون کـەوا ئـەم پەتایەیـان ئاشـکرا کـرد، ئیـتر بـە ئەنفلۆنـزای ئیسـپانی ناونـرا هەرچەنـدەش لـە ئیسـپانیاوە دەسـتی پـێ نەکردبـوو.

b “1918 Pandemic (H1N1 Virus),” updated March 20, 2019, Centers for Disease Control and

لە نێویشیاندا زیاتر لە پێنجسەد هەزار کەس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون. خەڵکی لە بەیانیدا هەستیان بە نیشانەکانی نەخۆشییەکە دەکرد، ئێوارە دەمردن. تەرمەکان لە بەردەرگای ماڵەکانەوە دەبردران و لەو گۆڕانە دەنێژران کەوا بە شۆفەڵ هەڵکەنرابوون. گەیشتە ئەو ڕادەیەی جارێکیان بە فیشەک تەقە لە کەسێک کراوە لەبەر ئەوەی دەمامکی نەبەستووە. قوتابخانەکان داخران، خزمەتکار و شوانەکانی کڵێسا دەستیان کرد بە باسکردنی جەنگی هارمەگیدۆن.

بێگومان، پێشینەیی هیچ شتێک ناسەلمێنێت، ڕابردوو وەک هۆشدارییەکە، نەک قەدەرێک کەوا هەر دەبێت ڕوویدات. سەرباری ئەوەش، ئێمە لەم کاتەدا هەست بە لەرزۆکی دەزگاکانی ئەم جیهانە دەکەین. ئەو بناغانەی کەوا پتەو دیاربوون هەژان. ئەو پرسیارەی دەبێت بیکەین ئەوەیە: ئایا پێمان لەسەر بەرد داناوە -ئەو بەردەی هەرگیز ناهەژێت؟

Prevention, https://www.cdc.gov/flu/pandemic-resources/1918-pandemic-h1n1.html.

# وەرزی یەکەم

# خودای دەسەڵاتدار بەسەر ڤایرۆسی کڕۆنا

# بەشی یەکەم

## بەرەو بەردەکە

ئـەوەی هانـی دام بـۆ نووسـینی ئـەم کتێبـە ئەوەیـە بڵێـم کـەوا ژمـارە و گریمانـە و ڕێـژە سـەدییەکان بناغەیەکـی زۆر لاوازن و ناکرێـت هیوامـان لەسـەریان هەڵبچنیـن. گریمانـەی لـە سـەدا ٣٠٪ هەیـە بەرامبـەر بـە لەسـەدا ١٠٪، یـان گەنجـان بەرامبـەر بـە بەتەمەنـەکان، یـان لاوازی تەندروسـتی بەرامبـەر بـە نەبوونـی مێژوویێکـی نەخۆشـی، یـان ناوچـەی دەشـت بەرامبـەر بـە ناوچـەی شارنشـین، یـان خۆدابڕیـن بەرامبـەر بـە سـەردانی کۆمەڵایەتـی بـۆ لای هاوڕێیـان لـەماڵـەوە. ئـەم تێڕوانینـە لـە ڕێـژەی سـەدی و گریمانـەکان هیوامـان پـێ نابەخشـن. هەروەهـا ئەمـە بناغەیەکـی پتـەو نییـە بتوانین هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن.

ڕێـگای باشـتر هەیـە، هەروەهـا شـوێنی باشـتر هەیـە کـەوا دەتوانیـن لەسـەری ڕابوەسـتین: بـەردی متمانـە هەیـە لـە جیاتـی خاکـی لمینـی گریمانـەکان.

### کاتێک شێرپەنجە هات

لەبیرمـە کـەوا لـە ٢١ کانونـی یەکەمـی ٢٠٠٥ هەواڵـی ئـەوەم پێـدرا کـەوا تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجەی پرۆسـتات بـووم. بـە درێژایـی چەندیـن هەفتـەی دوای ئـەوە، هەمـوو گفتوگۆمـان دەربـارەی گریمانـەکان و ڕێـژەی سـەدی بـوون، لـە سـەروبەندی چاوەڕوانـی ئەنجامدانـی هـەر شـتێک، وە گریمانەکانـی بەکارهێنانـی دەرمـان، گریمانەکانـی چارەسـەری گونجانـدن،[c] وە گریمانەکانـی نەشـتەرگەری بنەڕەتـی. مـن و

[c] هەروەهـا پێشـی دەگوترێـت چارەسـەری هاوشـێوەیی، سیسـتەمێکی چارەسـەریی و شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی پزیشـکی جێگرەوەیـە و پشـت بـەو بنەمایـە دەبەسـتێت کـەوا ساموئێل هانیمـان لـە سـاڵی ١٧٩٦ی زایینـی دایناوە. ئـەم چارەسـەرییە پشـت دەبەسـتێت بـە یاسـای ئەبقـراط لـە پزیشـکیدا، کـەوا دەڵێـت: هاوشـێوە چارەسـەری هاوشـێوە دەکات. بیـردۆزی چارەسـەری هاوشـێوەیی دەڵێـت کـەوا دەکرێـت نەخـۆش چاکبکرێتەوە بـە بەکارهێنانی بـڕی زۆر کـەم لـەو مادانـەی کـەوا لـە کەسـێتی تەندروسـت بـاش دەرکەوتـەی هاوشـێوەی هەیـە بـۆ دەرکەوتەکانـی

نویڵـی هاوسـەرم ئـەو ژمارانەمـان بـە گرنـگ دەزانـی. بـەڵام ئێوارەیـەک، خەندەیەکمان کـرد و بـە یەکترمـان گـوت: ناکرێـت هیوامـان بـە ژمـارە و گریمانـەکان هەبێـت، بەڵکـو هیوامـان بـە خـودا هەیـە.

لەمـەدا مەبەسـتمان ئـەوە نەبـوو لـە سـەدا ١٠٠٪ خـودا شـیفام دەدات، لـە کاتێکـدا پزیشـکەکان تەنهـا ئەوەیـان لەدەسـت دەهـات چەنـد ژمـارە و گریمانەیـەک پێشـکەش بکـەن، بـەڵام ئـەو بـەردەی کـە باسـمان دەکـرد زۆر لـەوە باشـتر بـوو؛ بەڵـێ، تەنانـەت لـە شـیفاش باشـتر.

تەنانـەت بـەر لـەوەش لـە لایـەن پزیشـکەکەوە پەیوەندیـم پێـوە بکرێـت و پێـم بگوترێـت کـە مـن تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجە بـووم، خـودا بـە ڕێگایەکـی ڕوون و بـاش ئـەو بـەردەی بەبیـر هێنامـەوە کـەوا لەسـەری ڕاوەسـتاوم. پـاش تەواوبوونـم لـە پشـکنینی ئاسـایی ساڵانەم، پزیشـکی میزەڕۆ پێـی گوتـم: «دەمەوێـت نموونەیـەک لـە ڕیشـاڵت وەربگـرم بـۆ پشـکنین».

لە دڵی خۆمدا گوتم: «بەڕاست؟» و بە زمانم بە پزیشکەکەم گوت: «کەی؟»

وەڵامی دامەوە: «ئەگەر کاتت هەبێت هەر ئێستا».

«باشە».

لـە کاتێکـدا پزیشـکەکە چـوو کەلوپەلـەکان بهێنێـت؛ لـەو کاتـەدا کە جلەکانـم دەگۆڕی بـۆ ئـەوەی ئـەو جلـە شـینە ناشـیرینەی نەخۆشـخانە بپۆشـم، هەندێـک کاتـم بـۆ ڕەخسـا بـۆ بیرکردنـەوە لـەوەی ڕوودەدات، «کەواتـە پزیشـکەکە پێـی وایـە ڕەنگـە مـن تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجە بووبـم». لـە کاتێکـدا داهاتـووم لـەم جیهانـە لەبەرچـاوم دەگـۆڕێـت، خـودا شـتێکی بەبیـر هێنامـەوە کـەوا بـەم دواییانـە لـە کتێبـی پیـرۆز خوێندبوومـەوە.

## خودا قسەی فەرمووە

بـا لەگـەڵ یەکـتر ڕوون بیـن. مـن گوێـم لـە دەنـگ نابێـت، بـەلای کـەم پێشـتر گوێـم لـە دەنـگ نەبـووە. بـەڵام متمانـەم بـەوە هەیـە کـەوا خـودا قسـەی فەرمـووە و

کەسی نەخۆش (بڵاوکار).

لە ڕاستیدا کتێبی پیرۆز وشەی ئەوە (لە بەشی داهاتوو بە فراوانی باسی ئەمە دەکەین). قسەی فەرموو، یەک جار و بۆ هەتاهەتایە، هەتا ئێستاش وا لەڕێی وشەکەیەوە (کتێبی پیرۆز) دەدووێت. ئەگەر بە تێگەیشتنێکی دروست لە کتێبی پیرۆز تێبگەین، ئەوا **ئەمە** دەنگی خودایە.

ئەمەی خوارەوە ئەوەیە کەوا خودا لەو کاتە پێی گوتم کە لە نۆڕینگەی پزیشکی میزەڕۆ بووم، لەو کاتەی چاوەڕێی وەرگرتنی سامپڵێک بووم بۆ تاقیگا، کەوا دەکرا دڵنیامان بکاتەوە لەوەی تووشی شێرپەنجە بووم یان نا: «ئەی جۆن پایپەر، ئەمە تووڕەیی نییە؛ ئەگەر بمریت یان بژیت، هەر لەگەڵ من دەبیت». ئەمە داڕشتنەوەی منە بۆ قسەی خودا، بەڵام ئەو ئەمەی گوت:

> «چونکە خودا ئێمەی بۆ تووڕەیی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە، ئەوەی لە پێناوی ئێمەدا مرد، تاکو ئەگەر بەخەبەر بین یاخود نوستوو، لەگەڵ ئەو بژین»
> (یەکەم سالۆنیکی ٥: ٩-١٠).

جا ئەگەر بەئاگا بم یان خەوتوو -یان بژیم یا بمرم- لەگەڵ خودا زیندوو دەبم. ئەمە چۆن دەبێت؟ من گوناهبارم، پێشتر هیچ ڕۆژێک لە ژیانم نەبووە -تەنانەت **یەک** ڕۆژیش- بەپێی پێوەرەکانی خودا نەبوومە بۆ خۆشەویستی و پیرۆزی. کەواتە ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن خودا پێم دەڵێت: «ئەی جۆن پایپەر، ئەگەر بمریت یان بژیت، هەر لەگەڵ من دەبیت»؟

خودا چاوەڕێی ئەوەی نەکرد من ئەم پرسیارە بکەم، دەستبەجێ وەڵامی دایەوە: ئەمە بەهۆی عیسایە، تەنها عیسا. بەهۆی مردنی عیسایە کە هیچ تووڕەییەک ناکەوێتە سەر من. ئەمە لەبەر تەواوی و کامڵی من نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەوا هەڵە و گوناهەکانم و سزاکەم خرایە سەر ڕزگارکەرەکەم، عیسای مەسیح. «لەجیاتی ئێمە» مرد. وشەی خودا (کتێبی پیرۆز) ئەمە دەڵێت. لەبەر ئەوە، لە گوناە و لە سزا پاکبوومەوە، لە نیعمەتی ئەو خودا میهرەبانە لە ئارامیدام. خودا ئەمەی گوت: «ئەگەر بمریت یان بژیت، هەر لەگەڵ من دەبیت».

ئەمە تەواو جیاوازە لە پەیوەستبوون بە ژمارە و گریمانەکان و ڕێژەی سەدی، جا ئەگەر دەربارەی نەخۆشی شێرپەنجە بێت، یان ڤایرۆسی کرۆنا. ئەمە بەردێکە لەسەری ڕاوەستاوم؛ ئەمە بناغەیەکی لاواز یان لەق نییە. وە دەمەوێت تۆش پێت لەسەر ئەو بەردە دابنێیت و ڕابوەستیت. لەپێناو ئەوەدا ئەم کتێبەم نووسیوە.

## ئایا تەنها بەردە پتەوەکە لەلایەن ژیانی داهاتووەوەیە؟

بەڵام، ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕەنگە کەسێک بخوێنێتەوە و بڵێت: «ئێوەی ئاییندار تەنها هیواتان بە ژیانی داهاتوو هەیە. ئەگەر ژیانی دوای مردنتان دەستەبەر بکەن، ئەوەی دەتانەوێ بەدەستتان هێناوە. بەڵام ئەم «دەنگەی خودا» کە باسی دەکەن لە ژیانی ئێستادا هیچ شتێک نابەخشێت شایانی باس بێت. پێم وایە کە خودا لە بەدیهێناندا هەموو شتێکی دەستپێکرد، وە کۆتاییە خۆشحاڵییەکانی نووسییەوە، بەڵام چی لە نێوانیاندا هەیە؟ ئێستا لەو کاتەی ئێستادا، لە ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا ئەو لەکوێیە؟».

باشە، پێم وایە من بەهایەکی زۆر زیاد دەکەم بۆ ئەو دڵخۆشییەی کەوا پاش مردن لە ئامادەگی خودا هەیە، بۆ ملیارەها ساڵی بێ کۆتایی، لە بەرامبەر ئازار و ناخۆشی ئێستا بۆ ئەوەی بڵێین بێ کۆتاییە. وا دیارە ئەمە لەلای من ئاسایی و پەسەندە. بەڵام ئەو بەردەی لەسەری ڕادەوەستم (ئەو بەردەی دەمەوێت تۆش بەشداری بیت لەگەڵم) لە ڕاستیدا **ئێستا** لەژێر پێمە. بەڵێ، ئێستا!

پەتای ڤایرۆسی کرۆنا لەو شوێنەدا بڵاوبۆتەوە کەوا تێیدا دەژیم، بەڵکو لەو شوێنەی هەموومان تێیدا دەژین. جا ئەگەر تووشی ڤایرۆسی کرۆنا نەبم، ئەوا تووشی شێرپەنجە دەبم کەوا دەرفەتی سەرهەڵدانەوەی هەیە لە مندا، یان جەڵتەی سییەکان کەوا هیچ هۆکارێکی نییە، کەوا لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە هەتا ئێستا هەمە، وە چاوەڕێی دەرفەتی جوڵەی دەکات، بۆ ئەوەی بچێتە ناو مێشک، بمکاتە کەسێکی بێ ئەقڵ، نەتوانێت یەک ڕستەی دیکە بنووسێت، یان تەنانەت دەکرێت لەهەر ساتێکدا سەد بەڵای دیکەی لەناکاو بەسەر من یان تۆ بێت.

ئەو بەردەی باسی دەکەم ئێستا لەسەری ڕاوەستاوم. **دەتوانم** بڵێم کەوا هەر

**ئێستا** لەسەر ئەم بەردە ڕاوەستاوم. ڕاستە کەوا بابەتی هیوا خۆی بۆ داهاتووە، بەڵام **ئەزموونی** هیوا بۆ ئێستایە. وە ئەمە ئەزموونێکی ئێستای بەهێزە.

هیوا هێزێکی ئامادەیە؛ ئەمەیە ڕێگا لە خەڵکی دەگرێت خۆیان بکوژن -ئێستا. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ هەستان لەناو نوێن و چوونە سەر کار -ئێستا. وە واتا بە ژیانی ڕۆژانە دەبەخشێت، تەنانەت ئەگەر ژیانێکی تەنهاییش بێت، یان لە کەرەنتین بێت، یان ناچار بکرێیت لەماڵەوە بمێنیتەوە -ئێستا. وە ئازاد دەبێت لە خۆپەرستی و ترس و چاوچنۆکی -ئێستا. وە بەهێز پشتگیری دەکات لە خۆشەویستی و مەترسی گرتنەبەر و قوربانیدان -ئێستا.

بۆیە، وریابە بەر لەوەی ژیانی داهاتوو بە کەم بزانیت. ڕەنگە ئێستات خۆش و بەرهەمدار بێت لە کاتێکدا ژیانی داهاتووت جوان و دەستەبەر بێت.

## دەستی ئەو لە ڤایرۆسدا هەیە

دەتوانم ئەمە بڵێم وەک بەرگری لە وشەی نایابی خودا کەوا لە نۆڕینگەی پزیشکی میزەڕۆ قسەی لەگەڵم کرد: «ئەگەر بمریت یان بژیت، هەر لەگەڵ من دەبیت». ئەم هیوایە (بە هۆی مردنی مەسیح و هەستانەوەی) وای لێکردم **ئێستا** ژیانی خۆم لەپێناو خەڵکانی دیکە ببەخشم، بە تایبەتی لەپێناو چاکەی هەتاهەتاییان، هەروەک هانم دەدات بۆ ئەوەی ژیانم بەفیڕۆ نەدەم، دوودڵی نایەڵێت، وە پڕم دەکات لە ئیرەیی و دڵگەرمی بۆ ئەوەی شکۆی عیسای مەسیح جاڕ بدەم، وە وام لێدەکات بەردەوام هەوڵ بدەم (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ١٥) بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک لەگەڵ خۆم بهێنم بۆ خۆشی هەتاهەتایی.

بەڵام، لەگەڵ ئەوەی **دەتوانم ئەمە بڵێم**، لەبەرامبەر ڕەخنەگرتنی کەسێک کەوا پێم دەڵێت خوداکەی تۆ تەنها تایبەتمەندە بە ژیانی داهاتوو، نەک ژیانی ئێستا، ئەمە تاکە شت نییە پێویست بکات بگوترێت.

لە ڕاستیدا، ئەوەی من خەریکە بیڵێم ڕەنگە وا لە کەسێک بکات بڵێت: «ئای سەیرە! ئەمە دەستێوەردانێکی زیادەی خودایە لە ئێستادا. ئێستا گفتوگۆکە گۆڕا سەبارەت بە خودایەک کە تەنها داهاتوو ڕێکدەخات، بۆ خودایەک دەستوەردان دەکات لە بابەتی ڤایرۆس».

## نەک «باشم» بەڵکو «هەست دەکەم کەوا باشم»

با ئاوا لە بابەتەکە بڕوانین. پێش ئەوەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببم زۆر کات کە خەڵکی لێیان دەپرسیم: «باری تەندروستیت چۆنە؟» وەڵامم دەدایەوە: «باشم». لەم ڕۆژەوە ئاوا وەڵام نادەمەوە، بەڵکو ئێستا دەڵێم: «هەست دەکەم کەوا باشم». جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وەڵامەدا هەیە. ڕۆژی بەر لەوەی بچم بۆ ئەم پشکنینەی ساڵانەی پرۆستات، **هەستم دەکرد** کەوا باشم، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر، پێم گوترا کەوا نەخۆشی شێرپەنجەم هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، باش **نەبووم**. بەڵکو لە کاتێکدا ئەم قسانەم دەنووسم، نازانم کەوا باشم یان نا. هەست دەکەم کەوا باشم، زۆر زیاتر لەوەی شایانیم. ڕەنگە ئێستا نەخۆشی شێرپەنجەم هەبێت، یان جەڵتەی خوێن، یان ڕەنگە تووشی ڤایرۆسی کرۆنا بووبم.

لێرەدا دەمەوێت چی بڵێم؟ هەوڵ دەدەم کەوا بڵێم هۆکاری سەرەکی ئەوەی وامان لێدەکات نەڵێین: «**من باشم**» ئەوەیە کەوا تەنها خودا دەزانێت و بڕیار لەوە دەدات کە ئێستا من باشم یان نا. ئەگەر بڵێیت «من باشم» لە کاتێکدا **نازانیت** کەوا باشیت یان نا؛ وە لە کاتێکدا ناتوانیت **بڕیار بدەیت** لەوەی داخوا باش دەبیت یان نا، وەک ئەوەیە بڵێیت: «بەیانی، دەچمە شیکاگۆ و دەست بە پڕۆژەیەک دەکەم»، لە کاتێکدا تەنانەت ناشزانیت بەیانی لە ژیاندا بەردەوام دەبیت یان نا، جگە لە دامەزراندنی پڕۆژە لە شیکاگۆ.

بڕوانە کتێبی پیرۆز دەربارەی ئەمە چی دەڵێت:

> «وەرن ئەوانەی دەڵێن: ئەمڕۆ یان بەیانی دەڕۆین بۆ فلان شار، ساڵێک لەوێ دەبین و کاسبی دەکەین و قازانج دەکەین.» ئێوە کە نازانن بەیانی چی دەبێت، ژیانتان چییە؟ چونکە هەڵمێکە، ماوەیەک دەردەکەوێت، دواتر نامێنێت. لە جیاتی ئەوە بڵێن: «ئەگەر مەسیحی باڵادەست خواستی لەسەر بوو و ژیاین، ئەمە و ئەوە دەکەین»
>
> (یاقوب ٤: ١٣-١٥).

ئێستا ئەو بیرۆکەیە نەما کە دەڵێ خودا تەنها دەستوەردان لە ژیانی داهاتوو

دەکات. ئەمـە کاریگـەری ڕوونکردنـەوەی کتێبـی پیـرۆزە بـۆ لێڵـی ڕای تایبەتـی خۆمـان.

## ئەگەر خودا بڕیار بدات، ئەمە یان ئەوە دەکەین

ئـەو بـەردەی مـن لەسـەری ڕادەوەسـتم (کـەوا دەمەوێـت تـۆش لەسـەر ئـەم بەردە ڕابوەسـتیت) بـەردی کاری خودایـە لـە جیهانـی **ئێسـتادا و بـۆ هەتاهەتایـە.** کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت: «ئەگـەر مەسـیحی باڵادەسـت خواسـتی لەسـەر بـوو و ژیایـن». واتـا ئەمـە دەسـتوەردانێکە لـە ئێسـتادا هەتـا ئەوپـەڕی. لێـرەدا ناوەسـتێت :«ئیـتر ئەگـەر بژیـت یـان بمریـت، لەگـەڵ خـودا دەبیـت»؛ بـەڵام درێژیـش دەبێتـەوە بـۆ: «خودایـە کـەوا بڕیـار دەدات لـەوەی دەژیـت یـان دەمریـت -لـە ئێسـتادا».

نـەک هـەر تەنهـا مـردن و ژیـان، بەڵکـو خـودا لـەوەش زیاتـر دەسـتوەردان دەکات. «ئەگـەر مەسـیحی باڵادەسـت خواسـتی لەسـەر بـوو... ئەمـە و ئـەوە دەکەیـن». هیـچ شـتێک بـەدەر نییـە لـە «ئەمـە و ئـەوە». خـودا تـەواو دەسـتوەردان دەکات **لـەم** تەندروسـتییە، یـان **ئـەو** نەخۆشـییە؛ **لـەم** داڕمانـەی ئابـووری، یـان **ئـەو** چاکبوونەوەیـە؛ **لـەم** هەناسـەیە، یـان بڕانـی.

ئەمـە واتـا کاتێـک مـن لـە نۆڕینگەکـەی پزیشـک چاوەڕێـم دەکـرد هەتـا گەیشـتنی ئامێرەکـەی وەرگرتنـی سـامپڵی ڕیشـاڵ، خـودا توانـای هەبـوو پێـم بڵێـت (وە پاشـانیش ئەمـەی کـرد): «مەترسـە. ئەگـەر بژیـت یـان بمریـت، لەگـەڵ مـن دەبیـت. **هەروەهـا** لـە کاتـی ئێسـتادا، کـەوا تـۆ زینـدووی، هیچـت بەسـەر نایـەت -هیـچ شـتێک- مـن مەبەسـتم نەبێـت! ئەگـەر بڕیـار بـدەم بژیـت، ئـەوا دەژیـت. وە ئەگـەر بڕیـار بـدەم بمریـت، ئـەوا دەمریـت. هەتـا ئـەو کاتـەی بـە بڕیـاری مـن دەمریـت، ئـەوا منـم کـە بڕیـار دەدەم ئەمـە دەکەیـت یـان ئـەوە. دەی دەسـتبەکار بـە.»

ئەمە بەردەکەی منە -ئەمڕۆ و بەیانی و هەتاهەتایە.

## دەی بەرەو بەردەکە

ئـەم کتێبـە بانگهێشـتێکە لـە منـەوە بـۆ ئـەوەی بێبتـە پاڵـم بـۆ ڕاوەسـتان لەسـەر ئـەم بـەردە پتـەوە، عیسـای مەسـیح. هیـوادارم واتـای ئەمـەت بـۆ ڕوون ببێتـەوە.

ئامانجـم ئەوەیـە دەریبخـەم کـەوا لـەو سـاتەی مێـژوودا لەنێـو پەتـای ڤایرۆسـی کرۆنـادا چـۆن خـودا لـە مەسـیحدا بەردەکەیـە وە ڕاوەسـتان لەنێـو خۆشەویسـتییە بەهێزەکـەی چۆنـە.

# بەشی دووەم

## بناغەیەکی پتەو

ڕای من سەبارەت بە ڤایرۆسی کرۆنا گرنگ نییە، هەروەها سەبارەت بە هەر شتێکی دیکەش، بەڵام ڕای خودا لە ڕادەبەدەر گرنگە. ڕای خۆی سەبارەت بەوە لێمان ناشارێتەوە. بە دەگمەن دەتوانین لاپەڕەیەکی کتێبی پیرۆز بدۆزینەوە کەوا پەیوەندی بەم گرفتەوە نەبێت.

### پتەو و شیرین

ڕای من گرنگ نییە، ڕای خودا وەک بەردی پتەوە، «گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام فەرمایشتی یەزدان هەتاهەتایە چەسپاو دەبێت» (یەکەم پەترۆس ۱: ۲٤-۲٥). عیسا گوتی کەوا فەرمایشتی خودا لە کتێبی پیرۆز: «هەمیشە ڕاستی دەفەرموێت» (یۆحەنا ۱۰: ۳٥). ئەوەی خودا دەیڵێت «بە تەواوی ڕاستودروستە» (زەبووری ۱۹: ۹)، ئینجا، هەتاهەتایە وشەکەی بناغەیەکی چەسپاوە -«لەمێژە لە یاساکانت دەزانم، کە بۆ هەتاهەتایە داتناوە» (زەبووری ۱۱۹: ۱٥۲). گوێگرتن لە خودا و باوەڕ پێی وەک بنیادنانی خانووە لەسەر بەرد، نەک لەسەر لم (مەتا ۷: ۲٤).

وشەی خودا ئەو ڕایەیە کەوا پێویستە تەواوی سەرنجی بخەیتە سەر؛ ئەوە «ڕاوێژی سەیرە و دانایی مەزنە» (ئیشایا ۲۸: ۲۹)، وە «تێگەیشتنی بێ سنوورە» (زەبووری ۱٤۷: ٥). وە کاتێک ڕایەک دەدات سەبارەت بە ڤایرۆسی کرۆنا، دەبێتە ڕایەکی چەسپاو و نەگۆڕ «بەڵام پلانی یەزدان هەتاهەتایە دەمێنێت،» (زەبووری ۳۳: ۱۱)، «ڕێبازی خودا تەواوە» (دووەم ساموئێل ۲۲: ۳۱).

پاشان، فەرمایشتەکانی خودا شیرین و بەهادارن، «لە زێڕ دڵگیرترن،... لە هەنگوین شیرینترن، لە دڵۆپی شانەی هەنگوین.» (زەبووری ۱۹: ۱۰). لە ڕاستیدا

شیرینی ژیانی هەتاهەتایی هەڵدەگرێت: «گەورەم، بچینە لای کێ؟ وتەکانی ژیانی هەتاهەتایی لەلای تۆیە» (یۆحەنا ٦: ٦٨).

ئینجا، لە باشترین و خراپترین کاتدا، وشەکانی خودا ئاشتی و خۆشحاڵییەک دەهێنێت کە ناهەژێت. هەر دەبێت بەم شێوەیە بێت. نوێژی من بۆ ئەوەیە هەر کەسێک کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە هەمان ئەو ئەزموونەی هەبێت کەوا یەرمیای پێغەمبەر ئەزموونی کرد: «کاتێک فەرموودەکانی تۆ هات، خواردم بۆم بووە مایەی شادی و خۆشحاڵی دڵم» (یەرمیا ١٥: ١٦).

سەرنجی ئەوە بدە: لەو ساتە یەکلاکەرەوەیەی مێژوودا، کەوا ئەزموونی چاودێری تاڵی خودایی دەکەین،[d] وشەی خودا شیرینیی لەدەست نادات، کەوا نهێنی ئەوەمان فێردەکات بە شێوەیەک بین «وەک خەمبار، بەڵام هەردەم دڵشاد» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). دواتر بە وردەکارییەوە ماهیەتی ئەو نهێنییە دەبینین، بەڵام لێرەدا بە یەک ڕستە پێناسەی دەکەم: نهێنی «وەک خەمبار، بەڵام هەردەم دڵشاد» زانینی ئەوەیە هەمان ئەو دەسەڵاتەی کەوا دەیتوانی ڕێگری لە ڤایرۆسی کرۆنا بکات، بەڵام نەیکرد، هەر ئەوە کەوا لە کاتی تەنگژەدا پشتگیری و پشتیوانی دەروومنان دەکات. بەڵکو لە سەرووی تەنها پشتیوانی و پشتگیرییە؛ کەوا ئەم دەسەڵاتە دەروون دەبوژێنێتەوە و هیوای پێ دەبەخشێت بەوەی کەوا خواستی خودا باش و چاکە، تەنانەت لە خودای مردنیشدا -بۆ ئەوانەی متمانەی پێ دەکەن.

## چۆن بە دڵنیایی ئەمە دەزانیت؟

پاشان، ئەو پرسیارەی زۆر پێداگری لەسەر دەکرێت ئەمەیە: چۆن بە دڵنیاییەوە دەزانیت کەوا کتێبی پیرۆز وشەی خودایە؟ وەڵامی کورتم بۆ ئەمە ئەوەیە کەوا شکۆیەکی خوداییانە لەم وشەیەدا دەدرەوشێتەوە، ڕەهەندەکانی بە تەواوی لەگەڵ خودا دەگونجێت، کەوا لەناو دڵتدا هەیە، تەواو هەروەک بۆلبەرین و شەفت، دەست و دەستکێش، ماسی و ئاو، باڵ و هەوا و دوایین پارچەی یاری پەزڵ.

d ڕەنگە ئەم دەربڕینە نامۆ بێت، بەڵام نووسەر لە بەشی چوارەمدا ئەمە ڕوون دەکاتەوە -بڵاوکار.

ئێستا دەتوانم ئەندێشەی ئەوە بکەم کەوا یەکێک وەڵامم دەداتەوە و دەڵێت: «ئەو وەڵامە بە جۆرێک ویژدانییانە و نابابەتییانە دیارە. بۆچی ئاوا وەڵامت دایەوە؟».

لەبەر ئەوەی لە ماوەی پەنجا ساڵ؛ کاتێک لە ململانێدا بووم بۆ ئەوەی ئەو بناغەیە بزانم کەوا پێویستە ژیانم لەسەری بنیاد بنێم، درکم بەوە کرد کەوا بەهانەی ئەکادیمی و مێژوویی بۆ سەلماندنی ڕاستی کتێبی پیرۆز لەگەڵ زۆربەی خەڵکی سوودی نییە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی، هەرچەندەی بە ڕادەیەک ڕاست و سوودبەخشە، منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵی ناتوانێت لێی تێبگات، یان پیاوێکی گوندنیشینی نەخوێندەوار لە شوێنێکی دورەدەستی دارستانەکانی باشووری زەریای هێمن، یان کەسێکی ئاسایی ڕۆژئاوا کە تەنها کەمێکی خوێندووە. سەرباری ئەوەش، بۆم ڕوون بۆتەوە کەوا خودا بۆ ئەو خەڵکانەی ویستووە گوێیان لە وشەی خودا ببێت و باوەڕی پێ بهێنن، نەک شتێکی هەڕەمەکی بێت.

## باوەڕ بەگوێرەی کتێبی پیرۆز شتێکی هەڕەمەکی نییە

پێناسەی کتێبی پیرۆز بۆ باوەڕ شتێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ئەو باوەڕە ڕوون کراوەتەوە و لەسەر بنەمای سەلماندن و بەڵگەیە. ناوی لێنراوە **باوەڕ** نەک لەبەر ئەوەی بێ بنەمایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی توخمی متمانەی تێدایە. عیسا کاتێک گوتی کوێرن وەسفی **باوەڕدارانی** نەکرد، بەڵکو وەسفی **بێباوەڕانی** کرد (بڕوانە مەتا ١٥: ١٤)؛ ئەوان «چونکە سەیر دەکەن، بەڵام نابینن» (مەتا ١٣: ١٣). کەواتە باوەڕی ڕزگاری بە وشەی خودا لەسەر بنەمای «بینین» بنیاد دەنرێت، بینینی ڕاستەقینە.

بەڵام چ شتێکە کە ئەم باوەڕە دەیبینێت؟ کتێبی پیرۆز بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: شەیتان هەرچی لە توانایدا بێت دەیکات بۆ ئەوەی «بیری بێباوەڕان کوێر بکات، تاکو ڕووناکی مزگێنیی شکۆی مەسیحیان بۆ نەدرەوشێتەوە، ئەوەی وێنەی خودایە» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤).

بە واتایەکی دیکە، بە جۆرێک ڕووناکی ڕۆحی لە ڕێی ئینجیلەوە دەدرەوشێتەوە، کەوا چیرۆکێکی کتێبی پیرۆزە بۆ ڕزگاری. ئەمە چ جۆرە ڕوناکییەکە؟ ڕووناکی

«شکۆی مەسیحە، ئەوەی وێنەی خودایە». ئەمە جادوو نییە، یان شتێکی ڕۆحی و ویژدانی، کەوا دەردەکەوێت بەڵام لە ڕاستیدا لەوێ نییە، بەڵکو عیسای مەسیح ئەو مرۆڤە خوداییەیە کەوا لە ڕێگای وشەی خوداوە شکۆی ئاکاریی و ڕۆحی و سەروسروشتی لێ دەدرەوشێتەوە – واتا جوانی و بەها و مەزنییەکەی. ئەمەیە کەوا ڕاستی کتێبی پیرۆز پشتڕاست دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت.

## قاڵبێک لەسەر شێوەی خودا لەناو ڕۆحتدا

لەبەر ئەوە گوتم کەوا شکۆی خودایی لە کتێبی پیرۆز دەدرەوشێتەوە، تەواو لەگەڵ ئەوە دەگونجێت قاڵبێک لەسەر شێوەی خودا لەناو دڵت هەیە. پاشان، ئەوە ڕاستی کتێبی پیرۆز و بەهاکەی دووپات دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت.

بەڵێ، باوەڕم هەیە بە بوونی قاڵبێک لەسەر شێوەی خودا -جۆرێک لە زانینی ناڕاستەوخۆی خودا- لەناو هەر ڕۆحێکی مرۆڤانە. وە کتێبی پیرۆز باسی ئەمە دەکات بەوەی دەڵێت: «ئەوەی کە دەبێت لەبارەی خوداوە بزانرێت، لەلای ئەوان ئاشکرایە،... لەگەڵ ئەوەی کە خودایان ناسی، بەڵام وەک خودا ستایشیان نەکرد و سوپاسیان نەکرد» (ڕۆما ١: ١٩، ٢١).

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کەوا ئەو **زانینە** لەناو هەر ڕۆحێکدا هەیە و هەموومان دەکاتە بەرپرس لە بینینی شکۆی خودا لە سروشتدا. هەروەهاش، ئێمە بەرپرسین لە بینینی شکۆی خودا لە عیسادا لە ڕێگای وشەکەیەوە. «ئاسمان باسی شکۆی خودا دەکات» (زەبووری ١٩: ١)، ئێمەش پەیوەستین بەوەی ئەم شکۆیە ببینین، وە سوپاسگوزار بین. هەروەهاش، کوڕی خودا شکۆی خودا ڕادەگەیەنێت، وە ئێمەش بەرپرسین لە بینینی ئەو شکۆیە، وە خواپەرستی بکەین. یۆحەنای نێردراو دەڵێت: «شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی» (یۆحەنا ١: ١٤).

ئەمە ئەو شکۆیەیە کەوا خۆی دەسەلمێنێت، وە لە وشەی خودا دەدرەوشێتەوە، وە بناغەیەکی چەسپاومان پێدەدات بۆ سەلماندن و بەڵگەی باوەڕ بەوەی کتێبی پیرۆز لەلای خوداوەیە.

## تەکنەلۆژیا بەرامبەر بە تامکردن

ئـەو شـێوازەی کـەوا ئێمـە شـکۆی خـودا لـە کتێبـی پیـرۆز دەبینیـن وەک ئـەو شێوازەیە کـەوا ئێمـە دەزانیـن هەنگویـن هەنگوینـە. ڕەنگـە زانسـت و تەکنەلۆژیـا بـە هـۆی هەندێـک پشـکنینی کیمیایـی لەسـەر مادەیـەک دەیکـەن دەڵێـن کـەوا ئامانێـک (دەفرێـک) هەنگوینـی تێدایـە، تـەواو هـەروەک لێکۆڵەرانـی کتێبـی پیـرۆز دەتوانـن بەڵگـەی ڕازیکـەر پێشـکەش بکـەن پشـتگیری متمانەداریـی مێژوویـی کتێبـی پیـرۆز بکـەن. بـەڵام زۆربـەی خەڵکـی زانـا یـان لێکۆڵـەری ئەکادیمـی کتێبـی پیـرۆز نیـن؛ ئێمـە هەنگویـن دەناسـینەوە بـەوەی تامـی دەکەیـن.

بـە هەمـان شـێوە، شـیرینی خودایـی شـکۆی خـودا لـە پەیامـی کتێبـی پیـرۆزدا هەیـە. بەشـێکمان بـە تـەواوی هەسـتی پـێ دەکات کـەوا خـودا لـە ئێمـەدا داینـاوە «بەڵێنەکانـت چەنـد شـیرینن بـۆ زمانـم، لـە هەنگویـن شـیرینترن بـۆ دەمـم» (زەبووری ١١٩: ١٠٣)؛ «تامـی بکـەن و ببینـن کـە یـەزدان چاکـە!» (زەبـووری ٣٤: ٨). ئەمـە بینیـن و تامکردنـی ڕاسـتەقینەیە. ئەمـە باوەڕێکـی گریمانەیـی نییـە. بەڵکـو باوەڕێکـە ئـەوەی لـە ڕاسـتیدا هەیـە دەیبینێـت و تامـی دەکات.

## بەڵێ بۆ بەردی دڵنەواییمان

ئیـتر کاتێـک عیسـا گوتـی: «نـووسراوە پیرۆزەکـە هەمیشـە ڕاسـتی دەفەرموێـت» (یۆحەنـا ١٠: ٣٥)؛ وە کاتێـک پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت: «هەمـوو نـووسراوە پیـرۆزەکان لـە سروشـی خـودان» (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٦)، وە کاتێـک پەترۆسـی نێـردراو دەڵێـت نووسـەرانی سـپارە پیـرۆزەکان «ڕۆحـی پیـرۆز ڕابەرایەتـی مرۆڤەکانـی کـردووە» (دووەم پەتـرۆس ١: ٢١)، دڵـمان دەڵێـت: **بەڵـێ ئامیـن**. تامـمان کـرد و بینیـمان، دەزانیـن. زانینێک لەسـەر بنەمایەکـی پتـەوە. لەبـەر ئـەوە ئێمـە هەڕەمەکـی باوەڕمـان نەهێنـاوە.

تـەواوی ڕۆحـمان یەکانگیـر دەبێـت لەگـەڵ بانگـەوازی کتێبـی پیـرۆز کـەوا دەڵێـت: «هەمـوو وشـەکانی تـۆ ڕاسـتییە» (زەبـووری ١١٩: ١٦٠)؛ «ئـەی یـەزدان، فەرمایشـتی تـۆ هەتاهەتاییـە، لـە ئاسـمان چەسـپاوە» (زەبـووری ١١٩: ٨٩)؛ «هەمـوو وشـەیەکی خـودا بێگـەردە» (پەنـدەکان ٣٠: ٥).

وە کاتێـک ئەمـە ڕوودەدات، پـڕ دەبیـن لـە ڕاسـتی تـەواوی خـودا، کاریگـەری لەسـەر ناخـمان دەبێـت، تەنانـەت لەبـەردەم ڤایرۆسـی کرۆنـاش. بـە شـێوەیەکی بێوێنە دڵنەواییـمان دەکات: «کـە خـەم لـە ناخـم زۆر بـوو، دڵنەوایـی تـۆ گیانـی منـی شـاد کـرد» (زەبـووری ٩٤: ١٩)؛ «یـەزدان لـە دڵشـکاوان نزیکـە و ئەوانـە ڕزگار دەکات کـە ڕۆحیـان وردوخـاش بـووە. پیاوچـاک گرفتـی زۆر دەبێـت، بـەڵام یـەزدان لـە هەمـووی دەربـازی دەکات» (زەبـووری ٣٤: ١٨-١٩).

لەنێـو ئـەم پەتایـەدا مـرۆڤ ناتوانێـت وەک خـودا دڵنەوایـی ڕۆحـمان بـکات. دڵنەواییەکانـی خـودا ناهەژێـت، وەک بەردێکـی مـەزن و بـەرزە لەنێـو دەریایەکـی وروژاو. ئـەو دڵنەواییانـە لـە وشـەکەیەوە دێـت، لـە کتێبـی پیـرۆز.

# بەشی سێیەم

## بەردێکی ڕاستودروست

ئەگەر خودا بەردەکەمان بێت، کەواتە ڕاستودروستە. بەردێک ڕاستودروست نەبێ تەنها تراویلکەیە[e]. ئەو شتەی کەوا پەتای جیهانی لە دڵنەوایی ئێمەدا دەیهەژێنێت متمانەمانە بە ڕاستودروستی خودا، بە پیرۆزییەکەی، بە چاکییەکەی. بەڵام، ئەگەر لەو نێوەدا خودا ڕاستودروست نەبێت، بەردێکمان نابێت لەسەری ڕابوەستین.

ئیتر پێویستە لەسەرمان بپرسین، پیرۆزی خودا و ڕاستودروستیی و چاکییەکەی چییە؟ ئەگەر واتای ئەم ئاکارانە نەزانین، چۆن دەزانین داخوا ڤایرۆسی کرۆنا تێکی شکاندووە یان نا؟ یان، لە بەرامبەردا، چۆن دەزانین بناغەی هەتاهەتایی بەردەکەیە کەوا ڕزگارمان دەکات؟

ئێستا دەبینین کەوا کتێبی پیرۆز وەسفی پیرۆزی و ڕاستودروستیی و چاکیی خودا ناکات وەک ئەوەی ئاکاری وەک یەک بن، بەڵکو ئاکاری تێکەڵ و پێکەوەن. با ئێستا بە پیرۆزی خودا دەست پێ بکەین. مەبەست چییە لە پیرۆزی خودا؟

### بەهایەکی لە ڕادە بەدەر، بێ سنوور

ڕەگی ئەو وشەیەی کەوا کتێبی پیرۆز بۆ واتای «پیرۆزی» بەکاریهێناوە وشەی دابڕانە، یان جیاوازی شتێکە و دابڕانییەتی لە هەموو شتێکی ئاسایی. لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم واتایە لەسەر خودا، دابڕان ئاماژەیە بۆ ئەوەی خودا تەنهایە لە جۆری خۆی، یان ناوازەیە. هاوشێوەیەکی ناوازەیە، بەهاکەی زۆر بەرزە. دەتوانین وشەی پایەبەرز بەکاربهێنین بۆ وەسفکردنی ئەو جۆرە دابڕانە خوداییە؛ ئەو

---

e تراویلکە: سەراب

دابڕاوە لە تاکیدا هەتا ئەوەی لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەیە، لە سەرووی هەمووانە، لە هەمووان بەهادراترە.

کاتێک خودا موسای ڕاسپارد لەگەڵ بەردەکە قسە بکات بەڵام موسا لە بەردەکەی دا، خودا سەرزەنشتی کرد و گوتی: «لەبەر ئەوەی متمانەتان پێ نەکردم، تاکو لەبەرچاوی گەلی ئیسرائیل من بە پیرۆز نیشان بدەن» (سەرژمێری ٢٠: ١٢). بە واتایەکی دیکە، موسا بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ خودا نەکرد کەوا کەسێکی ناوازە بێت و ئەوپەڕی متمانەی پێ بکرێت، بەڵکو تەنها وەک ئەوەی دەسەڵاتێکی دیکەی مرۆڤانە بێت وەک هەر دەسەڵاتێکی دیکە، دەکرێ پشتگوێ بخرێت.

لە ئیشایا ٨: ١٢-١٣، خودا بە ئیشایای گوت: «مەترسە لەوەی کە ئەوان لێی دەترسن، مەتۆقە. تەنها یەزدانی سوپاسالار بە پیرۆز دابنێ و دەبێ لەو بترسی، لەو بتۆقی». بە واتایەکی دیکە، خودا مەخەنە ناو ئەو ترسە ئاساییانەی کەوا هەتانە، یان ئەو شتانەی کەوا لێی دەتۆقن، بەڵکو بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکەن کەوا تەواو ناوازە و تاکە -جۆرێکی تایبەتە- لە ترس و تۆقین.

ئیتر، پیرۆزی خودا شکۆمەندییەکی بێ سنوورە، وە بەهاکەی بێ سنوورە، لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەیە. بە تەنها جیا دەکرێتەوە، لە بوونیدا پشت بە هیچ شتێکی دیکە نابەستێت؛ بوونی خۆییە. لەبەر ئەوە، پێویستی بە هیچ شتێکی دیکە نییە، وە پشت بە هیچ نابەستێت. ئەو تەواوە، وە لە هیچی کەم نییە. پاشان، ئەو بەهایەکی مەزنتری هەیە بەو پێیەی سەرچاوەی هەموو ڕاستییەک و هەموو بەهایەکە.

## لە سەرووی هەموو شتێک، بەڵام نەک دابڕاو

بەرزی خودا لە سەرووی هەموو شتێکی دیکە واتای ئەوە نییە ئەقڵێکی تەواو دابڕاوە و بێ خۆشەویستییە. بیروباوەڕی سێیانەیی گرنگ بە بیروباوەڕێکی تەواوی کتێبی پیرۆز دادەنرێت. خودا لە سێ تای خوداییدا هەیە، ئەو سێیانەش یەکن، واتا یەک کرۆکی خودایی. یەک خودا هەیە، نەک سێ خودا، بەڵام ئەو یەک

خودایە لە یەکێتییەکی نهێنی و ڕاستیدایە لە نێوان باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز -هەر یەکێکیان ئەزەلی و هەتاهەتاییە. وە هەر یەکێکیان خودای ڕاستەقینەیە.

بۆیە پیرۆزە -بەهای خودا و مەزنی شکۆمەندییەکەی- واتای ئەوە نییە بەبێ خۆشەویستی لە شکۆمەندییە بێ سنوورەکەیدا دابڕاوە؛ خودای باوک کوڕکە دەناسێت و بە تەواوی و بێ سنوور خۆشی دەوێت (مەرقۆس ١: ١١؛ ٩: ٧؛ کۆلۆسی ١: ١٣)، وە خودای کوڕ خودای باوک دەناسێت و بە تەواوی و بێ سنوور خۆشی دەوێت (یۆحەنا ١٤: ٣١)، وە ڕۆحی پیرۆز دەربڕینی تەواو و بێ سنوورە لە ناسینی باوک و کوڕ و خۆشەویستییەکەیان بۆ یەکتر.

گرنگی ئەمە چییە؟ لەبەر ئەوەی ئەم هاوبەشییە سێیانەییە تەواو شتێکی بنەڕەتییە لەپێناو تەواوی خودا و تەواوکارییەکەی؛ بنەڕەتییە لەپێناو بەها و جوانی و مەزنییە شکۆمەندانەکەی، واتا شتێکی بنەڕەتییە لە پیرۆزییەکەیدا.

## پیرۆزی تێکەڵ لەگەڵ ڕاستودروستی

ڕەهەندێکی نادیار هەیە لەو وەسفەی پیرۆزی خودا. کتێبی پیرۆز لە ڕەهەندە ڕەوشتییەکەشییەوە باسی پیرۆزی خودا دەکات نەک هەر لە لایەنی ناوهێنانەکەی. پیرۆز بێت واتای ئەوەیە نەک تەنها جیاواز و شکۆمەندە، بەڵکو هەروەها ڕاستودروستە.

ئەمە پرسیارێک دەوروژێنێت کاریگەری زۆری دەبێت لە تێڕوانینمان بۆ ڤایرۆسی کرۆنا و پەیوەندی بە خوداوە: لەبەر ئەوەی ڕاستودروستی کاری ڕاست لەخۆدەگرێت؛ وە لەبەر ئەوەی کاری ڕاست کارکردنە لە پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ڕاستی. ئەو پێوەرە چییە کەوا بۆ ڕاستودروستی خودا هەیە؟

بەر لە بەدیهێنان، پێوەر نەبوو بەدەر لە خودا. شتێک نەبوو بەدەر لە خودا و بکرێت خودا بچێتە ژێر باری یان پەیڕەوی بکات. بەر لە پەیدابوون، خودا تاکە ڕاستەقینە بوو. لە کاتێکدا جگە لە خودا هیچ شتێکی دیکە نییە، چ چاکەیەک دیاری دەکرێت کەوا پێویستە خودا بیکات؟ یان چۆن دەکرێت پیرۆزی خودا شکۆمەندی و ڕاستودروستیشی بگرێتەوە؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە پێوەری ڕاستودروستی خودا خودی خودایە. وە بنەمای سەرەکی کتێبی پیرۆز ئەوەیە کە خودا: «ناتوانێت نکوڵی لە خۆی بکات» (دووەم تیمۆساوس ٢: ١٣). واتا خودا ناتوانێت بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکات کەوا نکوڵی بکات لە بەها و جوانی و مەزنییە بێ سنوورەکەی. ئەمە پێوەری ڕاستییە لەلای خودا.

ئەوە واتا ڕەهەندی ڕەوشتی لە پیرۆزی خودا -کەوا ڕاستودروستییەکەیەتی- ئەو پەیوەستبوونەیەتی کەوا ناگۆڕدرێت لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ بەها و جوانی و مەزنییەکەی بگونجێت. هەر سۆز و بیر و وشە و هەڵسوکەوتێک لەلای خوداوە دەرببڕدرێت، هەردەم دەگونجێت لەگەڵ بەها و جوانی بێ سنووری تەواوەتییە شکۆمەندانەکەی. ئەگەر ڕوویدا خودا نکوڵی لەم بەهایە کرد، یان ئەم جوانییە، یان ئەم مەزنییە، ئەوا ڕاست نەدەبوو. ئەو کاتە، پێوەری بنەڕەتی تێکدەچێت، وە ڕاستودروست نابێت.

## ڕاستودروستی تێکەڵ لەگەڵ چاکی

چاکی خودا هاوشێوە نییە بە پیرۆزییەکەی، یان بە ڕاستودروستییەکەی، بەڵام تێکەڵ و ئاڵۆزە لەگەڵی؛ چونکە پیرۆزییەکەی پڕە لە چاکی، وە ڕاستودروستییەکەی ئەم چاکییەی ئاراستە دەکات. ئەم سیفەتانە هەرگیز لە دژی یەکتر نین.

چاکی خودایە کەوا خواستی ئەوەی هەیە بەخشندە بێت، واتا شتێک بکات کەوا مرۆڤ بەرەکەتدار دەکات. تەواوەتی شکۆمەندانەی خودا، واتا پیرۆزییەکەی، لێی هەڵدەقوڵێت؛ لەبەر ئەوە خواستی ئەوەی هەیە بەخشندە بێت؛ ئەو پێویستی بە کەس نییە، پاشان، هەرگیز هیچ کەس بەکارناهێنێت بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکی لێ پڕ بکاتەوە. بەڵکو لە بەرامبەردا، سروشتی خودا خواستی بەخشینی هەیە، نەک وەرگرتن و «بە دەستی مرۆڤ خزمەت ناکرێت وەک ئەوەی پێویستی بە شتێک بێت، چونکە ئەو خۆی ژیان و هەناسە و هەموو شتێک بە هەمووان دەبەخشێت» (کرداری نێردراوان ١٧: ٢٥).

بەڵام چاکی خودا لە ڕاستودروستییەکەی دانەبڕاوە؛ خودا چاکییەکەی خۆی

بـە شـێوەیەک نابەخشـێت کـەوا نکۆڵـی بـکات لـە بەهـا و جوانـی و مەزنییـە بـێ سـنوورەکەی. لەبـەر ئـەوە، ڕاستودروسـتی خـودا سـزای کۆتایـی لەخۆدەگرێـت، هـەروەک چاکییـش لەخۆدەگرێـت. کاتێـک خـودا ئـەو کەسـانە لـە دۆزەخ سـزا دەدات کـەوا تۆبەیـان نەکـردووە، ئـەو چاکیـی خـۆی پێیـان نابەخشـێت، بـەڵام بـەوە ڕاناوەسـتێت لـەوەی چـاک بێـت؛ پیـرۆزی و ڕاستودروسـتییەکەین کـەوا چۆنیەتـی بەخشـینی چاکییەکـەی ئاراسـتە دەکات.

لەبـەر ئـەوە، چاکـی خـودا بـە شـێوەیەکی تایبـەت بەسـەر ئەوانـەدا دەڕژێـت کـەوا لێـی دەترسـن و پەنـای دەبەنـە بـەر «چاکـەت چەنـد مەزنـە، کـە هەڵتگرتـووە بـۆ ئەوانـەی **ترسـی تۆیـان** لـە دڵدایـە، ئـەوەی بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە، بەوانـەی دەبەخشـیت کـە **پەنـات بـۆ دەهێنـن**» (زەبـووری ٣١: ١٩).

ئـەم بـاوەڕ و لەخواترسییە چاکـی خـودا بەدەسـت ناهێنـن؛ گوناهباران سـنووردارن و ناتوانـن هیـچ شـتێک بـە شایسـتەیی خۆیـان لـە خـوداوە بەدەسـت بهێنـن. بەڵکـو چاکـی خـودا هـەردەم بەخۆڕایـی و بەبـێ شایسـتەییە. کەواتـە بۆچـی خـودا خواسـتی ئـەوەی هەیـە چاکـەی خـۆی بەسـەر ئەوانـەدا ببارێنێـت کـەوا لێـی دەترسـن و پشـتی پـێ دەبەسـتن؟ لەبـەر ئـەوەی، بـاوەڕ و لەخواترسـی بەهـا و جوانـی و مەزنـی خـودا ڕادەگەیەنـن (ڕۆمـا ٤: ٢٠). ئیـتر، ڕاستودروسـتی خـودا خواسـتی ئـەوەی هەیـە ئـەم هەڵوێسـتانە پشتڕاسـت بکاتـەوە کـەوا شـکۆمەندی دەکات.

## کەواتە چی سەبارەت بە ڤایرۆسی کرۆنا؟

لـە بەشـی داهاتـوو باسـی دەسـەڵاتی گشـتگیر و بڕیـاردەری خـودا دەکەیـن بەسـەر هەمـوو شـتێکدا. بـەڵام، ئـەوەی هەتـا ئێسـتا باسـمان کـردووە ڕێگریـمان لـێ دەکات بچینـە سـەر دەرەنجامـی ئـەوەی دەسـتی خـودا هەیـە لـە ڤایرۆسـی کرۆنـا و کاری تێدا کـردووە و گومـان دروسـت دەکات لـە پیـرۆزی خـودا و ڕاستودروسـتی و چاکییەکـەی. هێنـدە گەمـژە نابیـن کـەوا ئـازاری مـرۆڤ یەکسـان بکەیـن بـە ڕاستودروسـت نەبوونـی خـودا. یـان ئـەو دەرەنجامـە دروسـت بکەیـن کـەوا خـودا وازی هێنـاوە لـە پیـرۆزی یان چاکییەکـەی لـە بەڕێوەبردنـی ئـەم جیهانەیـدا.

هەمووـمـان گوناهبارـیـن. هـیـچ کەسـێـک نییـە گوناهـبـار نەبێـت. ئێمـە هەمووـمـان شـکۆی خـودا و جوانـی و مەزنییەکەیـمان گۆڕیوەتـەوە بـە شـتانێک کـەوا زیاتـر چێـژی لـێ وەردەگریـن (ڕۆمـا ١: ٢٣؛ ٣: ٢٣)، ئەمـەش سـووکایەتییەکی گەورەیـە بـە خـودا، ئەگـەر درکـی پـێ بکەیـن یان نا. وە پاشـان، ئێمە شـایانی سـزاین. ئـەم سـووکایەتییەمان بـە شـکۆی خـودا وا دەکات شـایانی سـزای پیـرۆزی ئـەو بیـن. کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت ئێمـە بـە سروشـت ڕۆڵـەی تووڕەییـن (بڕوانـە ئەفەسـۆس ٢: ٣)، واتـا خـودا پیـرۆز و ڕاستودروسـت دەبێـت ئەگـەر چاکـی خـۆی لـە ئێمـە بگرێتـەوە.

ئیـتر، ڤایرۆسـی کرۆنـا، ئامـاژە نییـە بـۆ نەبوونـی پیـرۆزی یـان ڕاستودروسـتی یـان چاکی خودا. لەم ڕۆژە تەنگژەیی و ناخۆشـانەدا، تاشـەبەردەکەمان، بەبێ ڕاستودروسـتی و پیـرۆزی نییـە. ئـەو «کـەس نییـە پیـرۆز وەک یـەزدان،... هیـچ تاشـەبەردێک نییـە وەک خودامـان» (یەکـەم سـاموئێل ٢: ٢). تاشـەبەردەکەمان ئەندێشـە و تراویلکەیـەک نییـە.

# بەشی چوارەم

## دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا

لـە بەشـی دووەم دەربڕینێکـم بەکارهێنـا «چاودێـری تاڵـی خودایـی». ئەمەیـە ڤایرۆسـی کرۆنـا. وەسـفکردنی هەندێـک لـە کارەکانـی خـودا بـە شـتێکی تـاڵ وەک کفـر دانانرێـت؛ ناعۆمـی خەسـوی ڕائـوس کـەوا لـە گرانـی و خاکـی نامۆییـدا مێـرد و هـەردوو کـوڕ و بووکێکـی لەدەسـت دابـوو، گوتـی:

> «چونکـە خـودای هـەرە بەتوانـا ژیانـی زۆر تـاڵ کـردم. مـن بـە پـڕی ڕۆیشـتم و خـودا بـە بەتاڵـی منـی هێنایـەوە.... یـەزدان کۆسـتی خسـتم، هـەرە بەتوانـا تووشـی خراپـەی کـردم.»
>
> (ڕائوس ١: ٢٠-٢١)

ناعۆمـی درۆی نەدەکـرد، یـان زێدەڕەویـی بـکات، یـان تۆمـەت دروسـت بـکات. ئەمـە ڕاسـتییەکی سـادە و تۆقێنـەر بـوو. دەربڕینـی «چاودێـری تاڵـی خودایـی» بـە کـەم تەماشـاکردنی ڕێگاکانـی خـودا نییـە، بەڵکـو وەسـفکردنیەتی.

لـە بەشـی دووەم هەروەهـا گوتـم شـیرینی وشـەی خـودا دژ نییـە بـەو چاودێرییـە تاڵـە -ئەگـەر فێـری نهێنـی ئـەوە بیـن «وەک خەمبـار، بـەڵام هـەردەم دڵشـاد» (دووەم کۆرنسـۆس ٦: ١٠)؛ وە گوتـم دواتـر دێینـەوە سـەر ئـەم نهێنییـە، ئیـتر بـەم ڕسـتەیە پوختـم کـردەوە: **هەمـان ئـەو دەسـەڵاتەی کـەوا دەیتوانـی ڕێگـری لـە ڤایرۆسـی کرۆنـا بـکات، بـەڵام نەیکـرد، ئـەوە کـەوا لـە کاتـی تەنگژەدا پشـتگیری و پشـتیوانی دەرووممـان دەکات.** زانینـی ئەوەیـە لەلایـەن ئێمـەوە کـە جیـاوازی دروسـت دەکات. کەواتـە ڕاسـتە؟

## ئەوەی خودا بیەوێت دەیکات

ئامانجم لەم بەشەدا، وە لە بەشی داهاتوو، ئەوەیە کە دەریبخەم خودا بەڕێوەبەری هەموو شتێکە و تەواوی دانابیە. دەسەڵاتی هەیە بەسەر ڤایرۆسی کرۆنادا. دەمەوێت ئەم هەواڵە خۆشە ڕابگەیەنم، لە ڕاستیدا، نهێنی ئەزموونکردنی شیرینی خودا لەنێو کارەکانی چاودێری تاڵییەتی.

کاتێک دەڵێین خودا بەڕێوەبەری هەموو شتێکە، مەبەستمان ئەوەیە خودا دەسەڵاتی هەیە. واتا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە هەرچی بیەوێت بیکات، وە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەیکات. دەڵێم بە شێوەیەکی بنەڕەتی؛ لەبەر ئەوەی خودا، لە لایەکەوە، شتانێکی دەوێت بەڵام جێبەجێی ناکات؛ ئەو دەتوانێت خواستێک دەرببڕێت خۆی بڕیار بدات کە جێبەجێی نەکات. لەم لایەنەوە، ئەم شتانە یەکلاکەرەوە نین؛ ئەو خۆی ڕێ بەم جۆرە خواستە نادات کەوا بگاتە ئاستی جێبەجێکردن.

بۆ نمونە بیر بکەوە لە شینەکانی یەرمیا ٣: ٣٢-٣٣:

لەگەڵ ئەوەی دڵتەنگی دەهێنێت، میهرەبانیش نیشان دەدات،
بەپێی گەورەیی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی.
ئەو کەس لە دڵەوە زەلیل ناکات و
دڵتەنگی ناکات.

خودا بەڕاستی **دڵتەنگمان** دەکات، بەڵام **بەدڵی نییە**. پێم وایە واتای ئەمە ئەوەیە: لەگەڵ ئەوەی لایەنێک هەیە لە سروشتی خودا (دڵی) حەزی بە دڵتەنگیمان نییە، لایەنی دیکەی سروشتی ئەو هەیە پیرۆزییەوە دڵتەنگیمان و ڕاستودروستییەکەی (دەوێت).

خودا کەسایەتییەکی ڕاڕای نییە. بەڵکو جوانییەکی نموونەیی هەیە لە پێکەوە گونجانی سیفاتەکانی. بەڵام بەبێ ئاڵۆزی نییە. سروشتی ئەو وەک سەمفۆنیایەکە کە هەموو سیفاتەکانی هاوئاواز کار دەکەن، نەک دەنگێکی تەنها بێت.

لەبەر ئەوە، کاتێک دەڵێم دەسەڵاتی خودا واتای ئەوەیە **دەتوانێت** بیکات،

بەڵکو هەر شتێک بە تەواوی بیەوێت بیکات **بەڕاستی** دەیکات، من مەبەستم ئەوەیە هیچ هێزێکی دەرەوەی ئەو نییە بتوانێت خواستی ئەو پەکبخات یان ڕایبگرێت. کاتێک خودا بڕیار دەدات شتێک ڕووبدات، ئەوا ڕوودەدات. یان بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو شتێک ڕوودەدات لەبەر ئەوەی خودا خواستی لەسەرە.

## دەسەڵاتی ڕەها

ئیشایا فێری کردن کە ئەمە بەشێکە لە کرۆکی واتای خودایەتی:

به ڕاستی من خودام و یەکێکی دیکە نییە،
خودام و هیچی دیکە نییە وەک من.
لە سەرەتاوە کۆتاییم ڕاگەیاندووە،
لە کۆنەوەش ئەوەی هێشتا نەکراوە.
فەرمووم: "ڕاوێژی من سەر دەگرێت،
هەموو ئەوەی پێم خۆشە دەیکەم."
(ئیشایا ٤٦: ٩-١٠)

خودایەتی واتا هەردەم ڕای خۆی دەسەپێنێت. خودا بەوەندە ناوەستێت کە ڕووداوەکانی داهاتوو بڵێت، بەڵکو وادەکات ڕووبدات. ئەو وشەی خۆی دەردەبڕێت، ئینجا دەڵێت: «من لەسەر فەرمایشتەکەم چاودێر دەبم بۆ ئەنجامدانی» (یەرمیا ١: ١٢).

ئەمە واتا، هەروەک ئەیوب لە ئەزموونێکی قورسەوە فێری بوو: «زانیم کە دەتوانیت هەموو شتێک بکەیت؛ ئەوەی تۆ پلانت بۆ داناوە مەحاڵ نابێت» (ئەیوب ٤٢: ٢)؛ یان هەروەک نەبوخودنەسر فێری بوو کاتێک خودا بە بەزەییەوە ڕیسوای کرد:

هەموو دانیشتووانی زەوی
وەک هیچ دانراون.
ئەو بە خواستی خۆی دەکات
لەگەڵ هێزەکانی ئاسمان و
دانیشتووانی زەوی.

کەس نییە دەستی بگرێت
یان پێی بڵێت، «چی دەکەیت؟»
(دانیال ٤: ٣٥)

یان هەروەک نووسەری زەبوور دەڵێت:

یەزدان هەرچی پێ خۆشبێت دەیکات،
لە ئاسمان و لەسەر زەوی،
لە دەریا و لە هەموو قووڵاییەکان.
(زەبووری ١٣٥: ٦)

یان هەروەک پۆڵسی نێردراو پوختی کردۆتەوە:

«خودا هەموو شتێک بەگوێرەی مەبەست و ویستی خۆی بەڕێوە دەبات»
(ئەفەسۆس ١: ١١)

ئەو «هەموو شتێک» دەکات، نەک هەندێک شت، «بەگوێرەی مەبەست و ویستی خۆی»، نەک بە خواست و ویستی هێزێکی دەرەوەی خودی خۆی.

بە دەربڕینێکی دیکە، دەسەڵاتی ڕەهای خودا؛ جڵەوگیرییەکی ڕەهایی هەیە لەم جیهانەدا؛ جڵەوگیری با دەکات (لۆقا ٨: ٢٥)، بروسک (ئەیوب ٣٦: ٣٢)، بەفر (زەبووری ١٤٧: ١٦)، کیسەڵ (دەرچوون ٨: ١-١٥)، پێشکە (دەرچوون ٨: ٢٠-٣٢)، کوللە (دەرچوون ١٠: ١-٢٠)، سوێسکە (دەرچوون ١٦: ٦-٨)، کرم (یونس ٤: ٧)، ماسی (یونس ٢: ١٠)، چۆلەکە (مەتا ١٠: ٢٩)، گژوگیا (زەبووری ١٤٧: ٨)، ڕووەک (یونس ٤: ٦)، برسییێتی و قاتوقڕی (زەبووری ١٠٥: ١٦)، ڕۆژ (یەشوع ١٠: ١٢-١٣)، دەرگاکانی بەندیخانە (کرداری نێردراوان ٥: ١٩)، کەڕی (دەرچوون ٤: ١١؛ لۆقا ١٨: ٤٢)، لاڵی (دەرچوون ٤: ١١؛ مەرقۆس ٧: ٣٧)، ئیفلیجی (لۆقا ٥: ٢٤-٢٥)، تا (مەتا ٨: ١٥)، هەروەها هەموو نەخۆشییەک (مەتا ٤: ٢٣)، وە پلانی گەشتکردن (یاقوب ٤: ١٣-١٥)، دڵی پاشاکان (پەندەکان ٢١: ١؛ دانیال ٢: ٢١)، نەتەوەکان (زەبووری ٣٣:

١٠)، وە بکـوژان (کـردار ٤: ٢٧-٢٨)، هەروەهـا مردنـی ڕۆحـی (ئەفەسـۆس ٢: ٤-٥)، هەمـوو ئەوانـەش خواسـتی دەسـەڵاتی ئـەو پەیـڕەو دەکـەن.

## سەردەمێک نییە بۆ تێڕوانینی سۆزداری خودا

کەواتـە ڤایرۆسـی کرۆنـا لـەلای خـوداوە نێـردراوە. وەرزێـک نییـە بـۆ تێڕوانینـی سـۆزداری خـودا. ئەمـە کاتێکـی تاڵـە، خـودا دایناوە، ئـەو ڕێکـی خسـتووە، ئەویـش کۆتایـی پێدەهێنێـت. وە هیـچ شـتێک لـە دەرەوەی سـنووری دەسـەڵاتی ئـەودا نییـە؛ ژیـان و مـردن بـە دەسـتی ئـەوە.

ئەیوب گوناهی نەکرد کاتێک لەسەر لێوانی گوتی:

به ڕووتی له سکی دایکمەوە هاتووم و
بە ڕووتیش دەگەڕێمەوە ئەوێ.
یەزدان دای و یەزدانیش بردییەوە،
ستایش بۆ ناوی یەزدان.

(ئەیوب ١: ٢١)

خـودا دەدات و هـەر خـوداش دەباتـەوە. خـودا بـوو ئـەوەی دە کـوڕی بـە ئەیـوب دابوو.

کـەس مافـی ئـەوەی نییـە کـە لـە ئامادەگـی خـودادا بژییـت. ئیـتر هەر هەناسـەیەک هەڵیدەمژیـن نیعمەتێکـە لـە خـوداوە. هـەر ترپەیەکـی دڵ ئێمـە خۆمـان شایسـتەی نیـن. لـە کۆتاییـدا ژیـان و مـردن بەدەسـتی خودایـە:

ئێستا ببینن، من، من ئەوم،
هیچ خودایەکی دیکە نییە لە پاڵم.
من دەمرێنم و دەژیێنم،
بریندار دەکەم و من چاک دەکەمەوە،
کەس نییە کەسێک لە دەستی من دەرباز بکات.

(دواوتار ٣٢: ٣٩)

بۆیـە، کاتێـک بیـر لـە داهاتوومـان دەکەینـەوە لەگـەڵ ڤایرۆسـی کرۆنـا -یـان لەگـەڵ بوونـی هـەر حاڵەتێکـی دیکـە کـە هەڕەشـە بێـت لەسـەر ژیانمـان- یاقـوب پێـمان دەڵێـت کـە پێویسـتە چـۆن بیـر بکەینـەوە و قسـە بکەیـن:

> بڵێـن: «ئەگـەر مەسـیحی باڵادەسـت خواسـتی لەسـەر بـوو و ژیایـن، ئەمـە و ئـەوە دەکەیـن.»
>
> (یاقوب ٤: ١٥)

ئەگـەر خـودا خواسـتی لەسـەر بـێ دەژیـن، وە ئەگـەر خواسـتی لەسـەر نەبـێ، ناژیـن.

ڕەنگـە مـن هەتـا بڵاوکردنـەوەی ئـەم کتێبـە نەژیـم؛ ڕەنگـە بەلانـی کەمـەوە کەسێکی نزیکـم تووشـی پەتـای ڤایرۆسـی کرۆنـا ببێـت، وە مـن تەمەنـم حەفتـا و چوار ساڵە، بـە هـۆی جەڵتـەی خوێـن و ئیلتیهابـی وەرزی لـە خانـە هەواییـەکان سییەکانم لاوازن. بـەڵام ئـەم لایەنانـە نیـن کـەوا بڕیـار لـە چارەنووسـم دەدەن، بەڵکـو خـودا بڕیـار لـە چارەنووسـم دەدات. ئایا ئەمـە هەواڵـی خۆشـە؟ بەڵـێ. لـە بەشـی داهاتـوو هـەوڵ دەدەم هۆکارەکـەی ڕوون بکەمـەوە.

# بەشی پێنجەم

## شیرینی دەسەڵاتی ئەو

بۆچی دەبێت هەواڵی دەسەڵاتی خودا لەسەر ڤایرۆسی کرۆنا، وە لەسەر ژیانی من، بە شێوەیەک پێمبگات کەوا فێرکردنێکی شیرین و خۆشە؟ هەروەک پێشتر باسکرا، نهێنییەکە لە زانینی ئەوەدایە هەمان دەسەڵات کەوا دەیتوانی ڕێگری لە ڤایرۆسی کرۆنا بکات، بەڵام نەیکرد، ئەوەیە کە پشتگیری ڕۆح دەکات لە کاتی تەنگژەدا. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر هەوڵ بدەین خودا دابڕین لە دەسەڵاتی بەسەر ئازاردا، ئێمە بەمە دەسەڵاتی ئەو فەرمۆش دەکەین بۆ گۆڕینی هەموو شتێک بۆ چاکە.

### دەسەڵات نەخستنە پاڵ خودا هەواڵێکی خۆش نییە

هەمان ئەو دەسەڵاتەی بەسەر نەخۆشیدا هەیە هەر ئەو دەسەڵاتەیە کەوا لە کاتەکانی تەنگژە و لەدەستدان پشتیوانی دەکات. هەمان دەسەڵات کە ژیان دەباتەوە هەر ئەویشتە شکستی بە مردن هێنا، وە باوەڕدارانی بردەوە ئاسمان و لای مەسیح. هەواڵێکی خۆش نییە پێمان وابێ کە شەیتان، یان نەخۆشی، یان کاری وێرانکردن، یان قەدەر، یان ڕێکەوت بڕیاری کۆتایی لە ژیانی مندا دەدەن. ئەمە هەواڵی خۆش نییە.

بەڵام حوکمی خودا و دەسەڵاتەکەی بەڕاستی هەواڵی خۆشن. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خودا پیرۆز و ڕاستودروست و چاکە و لە داناییەکەیدا سنووردار نییە؛ ئەو «دانایی و تواناداری لەلای خوداوەیە، ڕاوێژ و تێگەیشتن هی ئەون» (ئەیوب ١٢: ١٣)، وە «تێگەیشتنی بێ سنوورە» (زەبووری ١٤٧: ٥)، وە «ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا» (ڕۆما ١١: ٣٣). وە ئامانجی گەورەی ئەوەیە

«دانایی هەمەجۆرەی خودا بۆ فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران لە شوێنەکانی ئاسمان زانراو بێت» (ئەفەسۆس ٣: ١٠).

هیچ شتێک خودا سەرسام ناکات، یان سەری لێ ناشێوێنێت؛ دەسەڵاتی بێ سنووری لە دەستی پیرۆزی و ڕاستودروستی و چاکەی بێ سنووریەتی -بە هەمان شێوە لەدەستی دانایی بێ سنووریەتی. هەموو ئەوەش لە خزمەتی ئەوانەدایە کە باوەڕیان بە کوڕەکەی هەیە، عیسای مەسیح. وە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان ڤایرۆسی کرۆنا و ناردنی عیسا لەلایەن خوداوە بۆ ئەوەی لەپێناو گوناهباران بمرێت.

## چۆن خودا «هەموو شتێک»ی بۆ گوناهباران مسۆگەر کرد

سروشتی ئەم پەیوەندییە لە (ڕۆما ٨: ٣٢) هەیە کە دەڵێت: «ئەوەی دەستی بە کوڕەکەی خۆیەوە نەگرت، بەڵکو لە پێناوی هەموومان پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان بەخۆڕایی ناداتێ؟» ئەمە واتا ئامادەیی خودا بۆ ناردنی کوڕەکەی بۆ ئەوەی لەجێی ئێمە لەخاچ بدرێت ڕاگەیاندن و باوەڕکردنە بەوەی ئەو هەموو دەسەڵاتێکی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی «هەموو شتێکمان بداتێ». دەربڕینی «چۆن لەگەڵ ئەو **هەموو شتێکمان** بەخۆڕایی ناداتێ؟» واتا بە دڵنیاییەوە ئەمە دەکات، ئەمە بە خوێنی کوڕەکەی مسۆگەرە.

ئەو «هەموو شتە» چییە کەوا ئەم دەقە باسی دەکات؟ ئەو شتانەیە کە پێویستمانە بۆ ئەوەی خواستی ئەو پەیڕەو بکەین، ناوی ئەو شکۆدار بکەین، وە بە ئاشتییەوە بگەین بە ئامادەگی خۆشحاڵانەی ئەو.

لەدوای سێ ئایەت، پۆڵسی نێردراو چۆنیەتی ڕوودانی ئەوەی لە واقیعدا ڕوون کردۆتەوە -یان لە سەردەمی ڤایرۆسی کرۆنادا. کەواتە کاتێک ڤایرۆسی کرۆنا دێت پەیمانی بێسنووری خودا چۆن دەبێت، ئەو پەیمانەی کەوا بە خوێن پشتڕاستی کردۆتەوە کە هەموو شتێکمان پێبدات؟ بڕوانە پۆڵسی نێردراو سەبارەت بەمە چی دەڵێت:

> کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟ ناخۆشی یان تەنگانە یان چەوسانەوە یان قاتوقڕی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر؟ وەک نووسراوە:

﴿لە پێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە،
وەک مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین.﴾
بـەڵام لـە هەمـوو ئەمانـەدا لـە ڕادەبـەدەر سـەرکەوتووین لـە ڕێگـەی ئـەوەی کـە خۆشیویسـتووین،

(ڕۆما ٨: ٣٥-٣٧)

ئـەم وشـە ئازاربەخـش و سەرسـوڕهێنەرە فەرامـۆش مەکـە: «بـە درێژایـی ڕۆژ ڕووبـەڕووی مـردن دەبینـەوە» واتـا پەڕینەوەمـان بـە سـەلامەتی لـە مـردن یەکێکـە لـەو شـتانەی «هەمـوو شـتێک» کـە خـودا پێمانـی دەبەخشـێت؛ ئـەو بەزەیـی بـە کوڕەکەیـدا نەهاتـەوە، بەڵکـو لەپێنـاو ئێمـە بەخشـی، یـان هـەروەک لـە ڕۆمـا ٨: ٣٨-٣٩ دەڵێـت: «دڵنیـام نـە مـردن و نـە ژیـان،... ناتوانێـت لـە خۆشەویسـتی خـودا جیامـان بکاتـەوە کـە لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمانەوە بۆمـان دێـت».

## ئەوەی شەیتان مەبەستیەتی خراپەیە

تەنانـەت ئەگـەر شـەیتانیش -هێنـدەی ڕێـی پـێ بدرێـت- پەیوەنـدی بـە ئـازار و مردنمانـەوە هەبێـت، بـەڵام دەسـەڵاتی ڕەهـای نییـە. شـەیتان ناتوانێـت ئازارمـان پـێ بگەیەنێـت، بەبـێ ڕێپێـدان لـە خـوداوە و بەبـێ سـنووربەندی (ئەیـوب ١: ١٢؛ لۆقـا ٢٢: ٣١؛ دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٧). وە لـە کۆتاییـدا، ڕاسـتە کـەوا ئـەم قسـەیە بـە شـەیتان بڵێیـن کـە یوسـف بـە براکانـی گـوت کـە وەک کۆیلـە بـە میسریـان فرۆشـتبوو: «مەبەسـتی ئێـوە خراپـە بـوو بـۆم، بـەڵام خـودا کـردی بـە چاکـە» (پەیدابـوون ٥٠: ٢٠).

بـەڵام ئاگاداربـە لـە بـە سـووک تەماشـاکردنی واتـای ئـەم بیرۆکەیـە. ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە «خـودا خراپـەی **بەکارهێنـا** بـۆ چاکـە»، یـان «خراپـەی گـۆڕی بـۆ چاکـە»؛ لەبـەر ئـەوەی یوسـف گوتـی: «بـەڵام خـودا کـردی بـە چاکـە». براکانـی یوسـف مەبەسـتیان خراپـە بـوو، لـە کاتێکـدا مەبەسـتی خـودا چاکـە بـوو. خـودا لـە ناوەڕاسـتی ڕێگاکـەدا چارەسـەری دەرەنجامەکانـی ئـەم کارە خراپـەی نەکـرد، بەڵکـو هـەر لـە سـەرەتاوە مەبەسـت و ئامانجـی هەبـوو. جـا لـە سـەرەتاوە، خـودا مەبەسـتی چاکـە بـوو.

کاتێک خراپەی مرۆڤ و خراپەی شەیتان دەبنە هۆی ئازارمان ئەمە کلیلی دڵنەواییمانە. لە مەسیحدا، هەموو مافێکمان هەیە کە بە شەیتان (یان بە خراپەکاران) بڵێین: «مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، بەڵام خودا کردی بە چاکە». نە شەیتان، نە نەخۆشی، نە مرۆڤی خراپەکار دەسەڵاتیان هەیە، بەڵکو تەنها خودا خاوەنی دەسەڵاتە. ئەو چاک و دانا و خاوەن دەسەڵاتە.

## نەک چۆلەکە، بەڵکو هەر موویەک

> ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن.
>
> (مەتا ١٠: ٢٩-٣١)

بەپێی پلانی خودا نەبێت یەک چۆلەکە ناکەوێت، وە یەک ڤایرۆس ناجوڵێت ئەگەر بەپێی پلانی خودا نەبێت. ئەمە دەسەڵاتی زۆر ورد و گرنگیدانە بە وردەکارییەکان. ئینجا پاش ئەمە عیسا چی گوت؟ سێ شتی گوت: . ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن.

بۆچی پێویستە نەترسین؟ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی خودا لەمەدا دڵنیایە -ئەگەر بژین یان بمرین- خزمەت بە پیرۆزی و چاکە و ڕاستودروستی و دانایی ئەو دەکات. ئێمە لە مەسیحدا هەروەک داشێکی دامە نین لە یاریدا و بکرێت دەستبەردارمان بێت، بەڵکو ئێمە ڕۆڵەی خۆشەویستی ئەوین- «ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن».

ئەمەیە ئەو نهێنییەی پێشتر باسم کرد: زانینی ئەوەیە هەمان ئەو دەسەڵاتەی کەوا دەیتوانی ڕێگری لە ڤایرۆسی کرۆنا بکات، بەڵام نەیکرد، ئەوە کەوا لە کاتی تەنگژەدا پشتگیری و پشتیوانی دەروونمان دەکات. خودا دەسەڵاتی خۆی تەنها لە پشتیوانی و پشتگیریدا ڕاناگرێت، بەڵکو مکوڕ دەبێ لەسەر ئەوەی هەموو شتێک، تاڵ بێ یان شیرین، پێکەوە کار بکەن بۆ چاکەی ئێمە، واتا بۆ چاکەی ئەوانەی خودایان خۆشدەوێ، وە لە مەسیحدا بانگکراون (ڕۆما ٨: ٢٨-٣٠).

## هەتا کارم تەواو نەبێت نامرم

دوو هــەزار ساڵە ئــەم جــۆرە دڵنیاییــە بــۆ گەلــی مەســیح بــە ئازایەتییــەوە وەک تاشــە بەردێکــە لــە ڕووی مــردن. ڕاســتی دەســەڵاتی دانایــی و چاکــی مەســیح ئــەو هێزەیــە کــە هــەزاران بــاوەڕداری بــە چەســپاوی هێشــتۆتەوە، وە توانــای پــێ بەخشــیون کــە قوربانــی خۆشەویســتی پێشــکەش بکــەن.

بــۆ نمونــە، لــە کانونــی دووەمــی ١٨١٢ی زایینــی، هێــنری مارتــن، نێــردراو بــۆ هیندســتان و وڵاتــی فــارس، کــەوا لــە (١٦ ی تشرینــی یەمــی ١٨١٢ زایینــی) لــە تەمەنــی ســی و یــەک ســاڵی بــە تاعــون مــرد (پەتایەکــی وەک ڤایرۆســی کرۆنــا)، ئەمــەی خــوارەوەی لــە یادەوەرییەکانــی نووســیوە:

> «وەک ئــەوەی دەیبینــم، ئــەم ســاڵ لــە هەمــوو ســاڵانی ڕابــردوو خراپــترە. بــەڵام، ئەگــەر هەتــا تەواوکردنــی وەرگێڕانــی پەیمانــی نــوێ بــۆ زمانــی فارســی بــە زیندوویــی مــام، ئیــتر ژیانــم هێنــدە گرنگــی نامێنێــت. ئیــتر ئەگــەر چارەنووســم مــردن بێــت یــان ژیــان، بــا مەســیح لــە منــدا شــکۆمەند بــێ! ئەگــەر کارێکــی دیکــەی هەبــێ بیەوێــت تــەواوی بکــەم، نامــرم».[f]

زۆر جــار ئــەم دەربڕینــە بــەم جــۆرە دادەڕێژمــەوە: «نامــرم هەتــا ئەو کارەی مەســیح تــەواو نەبێــت کــە بــۆی دیاریکــردووم». ئەمــە تــەواو ڕاســتە؛ چونکــە لەســەر بنەمــای ئــەو ڕاســتییەیە کــە ژیــان و مــردن بەدەســت خــودای خــاوەن دەســەڵاتە. بەڕاســتی تــەواوی بابەتــی مەســیح لەدەســتی ئەودایــە. پێــش چەنــد ســاڵێک، مارتــن لــە تەمەنــی بیســت و چــوار ســاڵیدا ئــەم وشــانەی نووســی:

> «ئەگــەر خــودای گــەورەی گــەردوون نەبووایــە، ئــەو کاتــە زۆر بێهیــوا بــووم. بــەڵام خــودا دەســەڵاتدارە، بــا زەوی دڵخــۆش بــێ. وە بابەتــی مەســیح ســەرکەوتوو دەبێــت. ئــەی ڕۆحــی مــن، بــەم هیوایــە دڵخــۆش بــە».[g]

f Henry Martyn, *Journals and Letters of Henry Martyn* (New York: Protestant Episcopal Society, 1861), 460

gMartyn, *Journals and Letters*, 210.

# وەرزی دووەم

## خودا لە ڕێگای ڤایرۆسی کرۆناوە چی دەکات؟

# بیرۆکەی سەرەتایی:

## بینین و ئاراستەکردنی ڕوانگەکان

ئەگەر خودا لە تەختی دەسەڵات نەبێ؛ ئەگەر لە ڕاستیدا «هەموو شتێک بەگوێرەی مەبەست و ویستی خۆی» نەبێت (ئەفەسۆس ۱: ۱۱)، وە ئەگەر ئەم پەتایەی ڤایرۆسی کڕۆنا، بە هەموو ئەو وێرانییەوەی دروستی دەکات، لە دەستی پیرۆز و ڕاستودروست و دانایی ئەودا نەبێت، کەواتە خودا چی دەکات؟ خواستی ئەو چییە؟

### واز لە مرۆڤ بهێنە

یەکەم شت دەمەوێت بیڵێم، پێش هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەوەیە، بە بەراورد بە دانایی خودا، ڕای من نابێتە هیچ، هەروەها ڕای تۆش؛ ئەوەی پێمان وایە، بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئێمە، هێندە گرنگ نییە باسی بکرێت. کتێبی پیرۆز دەڵێت: «پڕ بەدڵ پشت بە یەزدان ببەستە و بە تێگەیشتوویی خۆت پشت ئەستوور مەبە» (پەندەکان ۳: ۵).

ئێمەی مرۆڤ، سنووردارین، گوناهبارین، بە سنوورەکانی کەلتوورەکەمان وابەستەین، وە بە گوێرەی جینات و مێژووی کەسییمان دروست دەبین (هەروەها بە خراپیش دروست دەبین). هەموو شێوەکانی پاساوهێنانەوە کە پێمان باشە و حەزی پێ دەکەین لە دڵ و بیر و زمانمان هەڵدەقوڵێت. بۆیە، لەبەر ئەوە دانایییە کەوا ئاگاداری قسەی ئیشایا بین: «پشت بە مرۆڤ مەبەستە، ئەوەی تەنها هەناسەیەکی لە لووتدایە. بۆچی حیسابی بۆ دەکرێت؟» (ئیشایا ۲: ۲۲).

کەواتە، ئیتر ئایا نووسینی ئەم کتێبەم وەک گریمانە نییە؟ سەرباری ئەوەی بەشێکی تەواوی بەم ناونیشانەیە: «خودا لە ڕێگای ڤایرۆسی کڕۆناوە چی دەکات؟»

نەخێر، ئەمە گریمانە نییە. نەخێر ئەگەر بەڕاستی خودا لە کتێبی پیرۆزدا قسەی کردبێت؛ وە نەخێر ئەگەر خۆی هاتبێت و بە شێوەیەکی مرۆڤانە قسەمان لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی بتوانین بیناسین و بە ڕاستی ڕێگاکانی بزانین (ئەگەر بەشێکیشی بێت)، وە نەخێر ئەگەر قسەکانی پۆڵس ڕاست بێت: «]خودا[ ئەوەی بەوپەڕی دانایی و تێگەیشتنەوە بەسەرمانی دابارانـد» (ئەفەسۆس ١: ٨-٩)؛ وە نەخێر ئەگەر، هەروەک پۆڵس گوتی کاتێک **دەخوێنیتەوە** دەتوانین تێبگەین لە «تێگەیشتنی من لە نهێنی مەسیح» (ئەفەسۆس ٣: ٤).

خودا بێدەنگ نییە لەبارەی ئەوەی لە جیهاندا دەیکات؛ کتێبی پیرۆزی پێداوین. لە بەشی دووەم ئاماژەم کرد بە چەند هۆکارێت کەوا وامان لێدەکات متمانە بکەین بەوەی کتێبی پیرۆز وشەی خودایە. بۆیە، لێرەدا ئامانجم ئەوە نییە هەندێک بیرۆکە و ئەندێشە دابهێنم سەبارەت بەوەی خودا دەیکات، بەڵکو ئامانجی ڕاستەقینەم ئەوەیە گوێ لە وشەکەی بگرم لە کتێبی پیرۆزدا و ئەوەی گوێم لێی دەبێت بە ئێوەی دەسپێرم.

## چۆن ڕێگاکانی ناجێگیرە

پێش ئەوەی هەوڵ بدەم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە: «خودا چی دەکات؟»، دەمەوێت بڵێم خودا هەردەم ملیارەها شت دەکات کە ئێمە نایزانین:

ئەی یەزدان، خودای من،
زۆرن ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە کردووتە.
ئەو شتانەی بۆ ئێمە نەخشەت کێشاوە
کەس ناتوانێت بیانژمێرێت بۆت،
ئەگەر باسیان بکەم و بیانگێڕمەوە،
ئەوەندە زۆرن نایەنە ژماردن.

(زەبووری ٤٠: ٥)

ئامانجەکانی پشت ڤایرۆسی کرۆنا، نەک هەر ناژمێردرێن، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە، ناوازەیە. «ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا!

حوکمەکانی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە و ڕێگاکانی لە سەرووی وردبوونەوەیە» (ڕۆما ١١: ٣٣). بەڵام، بەڵام کاتێک پۆڵس ئەمەی نووسی، مەبەستی نەبوو پێمان بڵێت: «کەواتە کتێبی پیرۆز دابخەن، ئیتر ژیانی خۆتان دروست بکەن».

بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم وشانە کە پوختەی یازدە بەشن سروشی خودان و دوورن لە لێکۆڵینەوە، زۆربەی هەواڵەکانی تێدا دەخوێنینەوە، هەمووی بۆ ئەوە نووسراوە لێی تێبگەین. بۆ نمونە، کاتێک پۆڵس باسی ئەوە دەکات ئازار هەر دەبێت، دەڵێت:

> بەڵکو لە تەنگانەشدا شانازی دەکەین، دەزانین تەنگانە دانبەخۆداگرتن دروستدەکات، دانبەخۆداگرتنیش ئەزموون، ئەزموونیش هیوا، هیواش نابێتە هۆی شەرمەزاری، چونکە خۆشەویستی خودا ڕژاوەتە ناو دڵمان، بە ڕۆحی پیرۆز کە پێمان دراوە.
>
> (ڕۆما ٥: ٣-٥)

«دەزانین»! کتێبی پیرۆز نووسراوە بۆ ئەوەی ئەو شتانە بزانین کە خودا ڕایگەیاندووە، بە تایبەتی دەربارەی ئازار -لەوانەش ئازاری پەتای ڤایرۆسی کرۆنا. بەو شێوەیە دەربڕینی «دوور لە لێکۆڵینەوە» واتا ئەو شتەی خودا دەیکات هەردەم لە سەرووی توانای تێگەیشتنی ئێمەوەیە، بەڵکو ئەگەر بۆمان ڕانەگەیەنێت تەنانەت ناتوانین بشبینین.

## سەرنجدان لە ڕاستیی

ڕۆڵی من لێرەدا ئەوە نییە ئەندێشە بکەم، هەروەک گۆرانی بەناوبانگی جۆن لینۆن بە ناونیشانی «ئەندێشەی بکە»[h] پێمان دەڵێت، ئەندێشەی ئەوە بکەین کەوا ئاسمان نییە، دۆزەخ نییە، بەڵکو تەنها ئاسمانێکی شین لە سەرەوەمان هەیە. ئینجا دەڵێت: «ئەندێشەی ئاوا ئاسانە، تەنها تاقی بکەوە». بەڵێ، بەڕاستی ئاسانە،

---

hJohn Lennon, “Imagine,” produced by John Lennon, Yoko Ono, and Phil Spector, Abbey Road, London, 1971.

بەڵکو هەر زۆر ئاسانە. بەڵام، ڤایرۆسی کرۆنا بە واقعێکی قورس دادەنرێت، نەک ئەندێشەکردنێکی ئاسان. خودا و وشەکەی ئەو واقیعەن کە پێویستمانە -واتا ئەو تاشە بەردەی لەسەری ڕادەوەسیتن. بۆیە، لێرەدا ئامانجم ئەوەیە سەرنج بدەمە سەر واقیع، نەک ئەوەی واقعێک دابهێنم. ئامانجم ئەوەیە گوێم لەوە بێت کە خودا فەرموویەتی، دانی پێدا بنێم و پشتیری بکەم، نەک شەندێشەی بکەم.

سەرنجت ڕادەکێشم بۆ ئەوی کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات، ئینجا ئەمە بە ڤایرۆسی کرۆنا دەبەستمەوە. وە تۆش دەبێت بە دادپەروەرییەوە بڕیار بدەیت.

ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەی عیسا دەربارەی «خوێندنەوەی ئەم سەردەمە» ئەمەی پێگوتین. تووڕە بوو لەبەر ئەوەی خەڵکی دەیانتوانی مێشک و لۆژیکیان بەکاربهێنن بۆ تێگەیشتن لە کەشوهەوا، لە کاتێکدا نەیاندەتوانی بەکاریبهێنن بۆ تێگەیشتن لە کارەکانی خودا لە مێژوودا:

> ئەی دووڕووان، دەزانن ڕووی زەوی و ئاسمان بخوێننەوە، چۆن نازانن ئەم سەردەمە بخوێننەوە؟ هەروەها بۆچی بۆ خۆتان بە ڕاستی حوکم نادەن؟
>
> (لۆق ١٢: ٥٦-٥٧)

بۆیە، هیوادارم داوای پشتیوانی لە خودا بکەیت، وە تەماشای وشەی خودا بکەیت، پاشان بەخۆت بە ڕاستی بڕیار بدەیت. هیوادارم ئەوەی دەیڵێم بەگوێرەی (یەکەم یۆحەنا ٤: ١) ئەزموونی بکەیت، وە دەست بە چاکەوە بگریت (یەکەم سالۆنیکی ٥: ٢١).

## شەش ڕێڕەو هەیە دەبێت بیگریتە بەر

دەکرێت چەندین لاپەڕە بنووسرێت بۆ وەڵامی هەر یەکێک لەم شەش پرسیارەی کەوا دەربارەی ئەم پرسیارە دەیکەم: «خودا لە ڕێگای ڤایرۆسی کرۆناوە چی دەکات؟» بەڵام، بەهۆی ئەوەی کاتمان کەمە، زۆر درێژەی پێ نادەم، بەڵکو هێندە بەسە سەرنجەکان ئاراستە دەکەم بۆ ڕێڕەوەکانی ڕاستیی کتێبی پیرۆز کەوا

هیوادارم لەدوای داخستنی ئەم کتێبە بیگریتە بەر. هیوای ئەوەم دەخواست کە بتوانین پێکەوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەناو ئەو ڕێڕەوانەدا گەشت بکەین، بەڵام دەبێت ئەم ئەرکە بۆ تۆ بەجێبهێڵم، وە داوا لە خودا دەکەم ڕێنوێنیت بکات.

خودا لە ڕێگای ڤایرۆسی کرۆناوە چی دەکات؟

# بەشی شەشەم

## دەرکەوتنی ناشیرینی گوناه

### وەڵامی یەکەم

خـودا لەڕێـی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کرۆنـا، هەروەک لــە ڕێــی هەمــوو کارەســاتەکانی دیکــە، وێنەیەکــی بەرجەسـتەکراو و هەسـتپێکراوی ناشـیرینی ئـاکاری گونـاه و بێڕێــزی بەرامبــەر بــە خــودا پیشــان دەدات.

لـە ڕاسـتیدا، گونـاه هـۆکارە بـۆ هەموو ئـازار و تەنگژەیەکی جەسـتەیی. سێیەم بەشـی کتێبـی پیـرۆز باسـی ئـەوە دەکات چـۆن گونـاه هاتـە نـاو جیهـان، ڕوونـی دەکاتـەوە کـەوا گونـاه ڕەگـی ئـەو خراپـە و ئازارەیـە کـە لـە جیهانـدا هەیـە (پەیدابـوون ٣: ١-١٩). لـە نامـەی ڕۆمـا (٥: ١٢) پۆڵـس ئەمـەی پوخـت کردۆتـەوە و دەڵێـت: «لەبـەر ئەمـە، چـۆن لـە ڕێگـەی مرۆڤێکـەوە گونـاه هاتـە جیهـان، لـە ڕێگـەی گوناهیشـەوە مـردن، بـەم شـێوەیە مـردن هەمـوو خەڵکـی گرتـەوە، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو گوناهیـان کـرد».

وە لـەم کاتـەوە، جیهـان لـە حاڵەتـی شکسـتدا مایـەوە، هەمـوو جوانییەکـی تێکـەڵ بـوو بـە خراپـە و کارەسـات و نەخۆشـی و شکسـت. خـودا ئـەم جیهانەی بە شـێوەیەکی نمونەیـی بەدیهێنـاوە: «خـودا بینـی هەمـوو ئـەوەی کـە دروسـتی کردبـوو زۆر بـاش بـوو. جـا ئێـوارە بـوو، بـووە بەیانـی، ئەمـە ڕۆژی شەشـەم بـوو» (پەیدابـوون ١: ٣١)؛ بـەڵام، هـەر لـە کاتـی کەوتنـی مرۆڤایەتـی بـۆ نـاو گونـاه هەتـا ئەمڕۆمـان، مێـژوو بـە هەمـوو سەرسـوڕمانییەکانییەوە تەنهـا گواسـتنەوەی جەسـتەکانە.

#### کەوتن حوکمدانە

کتێبـی پیـرۆز ئـەم تێکشـکانە بـە شـتێکی سروشـتی دانانێـت، بەڵکـو وای دادەنێـت

کەوا حوکمدانی خودایە لەسەر جیهانێک کەوا گوناهی تێدا بڵاو بۆتەوە. بڕوانە وەسفکردنی پۆڵس بۆ دەرەنجامەکانی حوکمدانی جیهان بەهۆی گوناهەوە:

> بەدیهێنراو ملکەچی بێزرخبوون بوو، نەک بە ویستی خۆی، بەڵکو بە ویستی ئەوەی کە ملکەچی کرد، بە هیوای ئەوەی کە خودی بەدیهێنراو لە کۆیلایەتی گەندەڵی ئازاد بکرێت تاکو هاوبەش بێت لە سەربەستی شکۆمەندی منداڵانی خودا. دەزانین هەموو بەدیهێنراوان هەتا ئێستا بەیەکەوە دەناڵێنن و ژانیان گرتووە.
>
> (ڕۆما ٨: ٢٠-٢٢)

بێزرخبوون. کۆیلایەتی گەندەڵی. ئازار. ئەمانە وێنەی وێرانکاری و ناخۆشی جیهانین لەو کاتەوەی کە گوناه هاتۆتە ناو جیهانەوە. پۆڵس دەڵێت کە ئەم وێرانکارییە بە هۆی حوکمدانی خوداوە هاتووە: «بەدیهێنراو ملکەچی بێزرخبوون بوو،... بەڵکو بە ویستی ئەوەی کە ملکەچی کرد» (ڕۆما ٨: ٢١). شەیتان بە هیوای ئەوە نەبوو مرۆڤ هیوایەکی هەبێت؛ هەروەها ئادەمیش هیوای نەبوو، بەڵکو خودا ئەوەی کرد، هەروەک پۆڵس لە (ڕۆما ٥: ١٦) دەڵێت: «چونکە حوکمدان لە یەک گوناهەوە تاوانبارکردنی هێنایە کایەوە».

## تەنانەت ڕۆڵەکانی خوداش لەژێر حوکم دان

بێگومان دەربڕینی «سەربەستی شکۆمەندی منداڵانی خودا» (ڕۆما ٨: ٢١) پڕە لە هیوا؛ خودا پلانێکی نوێی هەیە دەربارەی بەدیهێنراوی نوێ، «]خودا[ هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە» (ئاشکراکردن ٢١: ٤). بەڵام لە کاتی ئێستادا، هەموومان لەژێر حوکمی خوداین. خودا جیهانی تووشی مردن و کارەسات و ئازار کردووە.

بەڵێ، تەنانەت ڕۆڵەکانی خوداش، ئەوانەی «پێشتر بە خۆشەویستی ئێمەی دیاری کرد،... وەکو منداڵی خۆی لە خۆیمان بگرێتەوە» (ئەفەسۆس ١: ٥)، وە بە خوێنی مەسیح کڕینییەوە (ئەفەسۆس ١: ٧)، وە دیاری کردن بۆ ژیانی هەتاهەتایی (ئەفەسۆس ١: ١٨)، واتا ئێمەش بە هۆی ئەم حوکمەی خودا داویەتی ئازار

دەچێژین و دەمرین: «بەڵکو ئێمە کە یەکەمین بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزمان وەرگرت، لە ناخماندا دەناڵێنین و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی لەخۆگرتنەوەین، واتا ڕزگاریی جەستەمان» (ڕۆما ٨: ٢٣). بە هۆی تسۆنامی باوەڕدارانیش تووشی لێقەومان دەبن، لە هێرشە تیرۆریستییەکان باوەڕدارانیش دەکوژرێن، وە باوەڕدارانیش تووشی پەتای ڤایرۆسی کرۆنا دەبن.

## پاککردنەوە، نەک سزا

لەلای باوەڕداران، ئەو باوەڕدارانەی مەسیحیان وەک گەنجینەی شکۆمەندییان قبوڵ کردووە، جیاوازی ناکرێت لەوەی ئەزموونی ئەم ئازار و گەندەڵییە حوکمدان نییە: «کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن» (ڕۆما ٨: ١)؛ بۆ باوەڕداران ئازاری پاککردنەوەیە، نەک ئازاری سزا.

«چونکە خودا ئێمەی بۆ تووڕەیی دەستنیشان نەکردووە» (یەکەم سالۆنیکی ٥: ٩). ئێمە وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، بە هۆی نەخۆشی یان کارەسات دەمرین، بەڵام لە مەسیحدا، «دڕک»ی مردن هەڵکێشراوە (یەکەم سالۆنیکی ١٥: ٥٥)، وە «مردنیش قازانج»ـە (فیلیپی ١: ٢١). ڕۆیشتنمان لە جیهان واتای ئەوەیە «لەگەڵ مەسیح» بین (فیلیپی ١: ٢٣).

## شەیتان ڕاستەقینەیە، بەڵام سنووردارە

کاتێک ئازار و کارەساتەکانی ئەم جیهانە دەخەمە پاڵ حوکمی خودا، چاوم لە ئاست ئەم ڕاستییەدا کوێرناکەم کەوا شەیتان پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بە ئازارەکانمان لە جیهاندا. کتێبی پیرۆز ناو لە شەیتان دەنێت: «خوداوەندی ئەم دنیایە» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤). وە «سەرۆکی ئەم جیهانە» )یۆحەنا ١٢: ٣١(، وە «سەرۆکی دەسەڵاتی هەوا» (ئەفەسۆس ٢: ٢). وە «لە سەرەتاوە بکوژ بووە» (یۆحەنا ٨: ٤٤)، وە ئەو مرۆڤ «دەبەستێتەوە» و «بەسەریدا زاڵ دەبێت» بەوەی تووشی زۆر نەخۆشی دەکات (لۆقا: ١٣: ١٦؛ کرداری نێردراوان ١٠: ٣٨).

بەڵام شەیتان بە لغاوێک بەستراوەتەوە، وە جڵەوی ئەم لغاوەش لەدەست

خودایە؛ شەیتان بەبێ دەرفەتدان لە خوداوە کار ناکات، بەبێ ڕێپێدان لەوەوە هەڵسوکەوت ناکات، بەگوێرەی ئەو سنوورەی بۆی دانراوە (ئەیوب ١: ١٢؛ ٢: ٦؛ لۆقا ٢٢: ٣١؛ دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧). خودایە کەوا بڕیار دەدات ئەو زیانەی شەیتان پێتی دەگەیەنێت چەندە. شەیتان لە حوکمدانی خودا دابڕاو نییە، بەڵکو لە خزمەتی دایە -هەرچەندە بە مەبەستیشەوە نەیکات.

## پرسیاری سەرەکی

ئێستاش، ئەو پرسیارەی کە زیاتر مەبەست لە ڤایرۆسی کرۆنا ڕوون دەکاتەوە: «بۆچی خودا بەهۆی خراپەیەکی ڕەوشتییەوە حوکمدانێکی جەستەیی دەهێنێتە سەر جیهان؟» ئادەم و حەوا سەرپێچی خودایان کرد، لێی یاخی بوون، دانایی خۆیان خستە سەرووی دانایی ئەوەوە، ویستیان لێی ئازاد بن لەبری ئەوەی پشتی پێ ببەستن. بەڵام ئەم یاخیبوونە، ئەم بەچاکتر زانینە خراپەیەکی ڕۆحی و ڕەوشتی بوو، واتا گوناهێک لە ڕۆحدا نەک لە جەستەدا. لە پێگەی یەکەمدا پەیوەندی بە خوداوە هەبوو، نەک مرۆڤ.

بەڵام خودا لە کاردانەوەی ئەم یاخیبوونە ڕەوشتی و ڕۆحییەدا، جیهانی ماددی تووشی کارەسات و ئازار کرد. بۆچی؟ بۆچی جیهانی مادی وەک خۆی بە باشی نەهێشتەوە، وە تەنها ڕۆحی مرۆڤ تووشی ئازار بکات، مادەم هەموو شتێک لەوێوە دەستی پێکرد؟

## وەڵامێک

ئەمە وەڵامی منە: خودا جیهانی ماددی خستە ژێر نەفرەتەوە بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە ماددییانەی کەوا لە دەوروبەرماندا دەیبینین لە نەخۆشی و کارەسات بۆمان ببێتە وێنەیەکی زیندووی مەترسی گوناه. بە واتایەکی دیکە، خراپەی ماددی پەندێکە، یان درامایەکە، یان تابلۆیەکە ئاماژە دەکات بە دەرەنجامی خراپی یاخیبوون لە خودا.

بۆچی ئەمە شتێکی گونجاوە؟ ئەمە دەگونجێت، لەبەر ئەوەی لە بارودۆخی

ئێستاماندا لەدوای کەوتن[i]، گوناه کوێری کردووین، ناتوانین ناشیرینی گوناهکردن دەرهەق بە خودا ببینین و هەست بە ناشیرینییەکەی بکەین. بە دەگمەن کەسێک خراپی ئەوە دەبینێت کەوا شتی دیکە لە خودا بە باشتر دابنرێت. کێ خەوی دەزڕێت بە هۆی ئەوەی ڕۆژانە خودای فەرمۆش کردووە و پشتگوێی خستووە یان لێی یاخی بووە؟

بەڵام چەندە هەست بە ئازارە مادییەکانمان دەکەین! وە چەند تووڕە دەبین ئەگەر خودا کاریگەری بخاتە سەر جەستەمان! ڕەنگە تووڕە نەبین لەوەی ڕۆژانە چەندە خودا لە دڵماندا دادەنێین. بەڵام با ڤایرۆسی کرۆنا بێت و هەڕەشە لە جەستەمان بکات، ئەو کاتە تەواوی سەرنجمان لەسەری دەبێت، ئەی وا نییە؟ **ئازاری جەستەیی کەڕەنای خودایە کە لێدەدرێت بۆ ئەوەی پێمان بڵێت وا شتێکی هەڵە لە جیهاندا هەیە.** نەخۆشی و شێوانەکان وێنەیەکن خودا لە جیهانی مادیماندا دەیکێشێت بۆ ئەوەی پێمان پیشانمان بدات لە جیهانی ڕۆحیدا گوناه چۆنە.

ئەمە ڕاستە، تەنانەت ئەگەر هەندێک لە لەخواترسترین باوەڕدارانیش لە جیهان تووشی ئەم نەخۆشی و ئازارانە بن. ئەو کارەساتانەی کەوا خودا دیاری کردووە بۆ ئەوەی پیشانمان بدات گوناه شایانی چییە و ڕۆژێک چ حوکمێکی دەدرێت، بەڵام بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر خراپتر. ئەوانە هۆشدارین، وە بانگەوازی بەئاگاهاتنەوەیە کەوا هۆشداریمان پێدەدات ئەنجامدانی گوناه لە دژی خودا لە ڕووی ڕەوشیتی و ڕۆحییەوە چەندە ناشیرینە.

با ئەمە وامان لێبکات هەموومان درک بەوە بکەین هەڵسوکەوتمان بە ناڕێکی لەگەڵ بەدیهێنەرەکەمان چەندە ناشیرین و خراپە، ئەگەر فەرامۆشی بکەین و متمانەی پێ نەکەین و بەقەد چاککردنی قژمان دڵمان لەلای خودا نەبێت.

پێویستمان بەوەیە ئەمە ببینین، هەستی پێ بکەین، ئەگەر نا ئاوڕ لە مەسیح نادەینەوە بۆ ئەوەی داوای ڕزگاری لێ بکەین لە ناشیرینی گوناه. ڕەنگە هاوار بکەین و داوای ڕزگاری بکەین لە **سزای** گوناه، بەڵام ئایا ئەم ناشیرینییە ڕەوشتییەی

---

i بڕوانە فەرهەنگۆک -وەرگێڕ.

گوناه دەبینین و ڕقمان لێی دەبێتەوە، کەوا سووکایەتی بە خودا دەکات؟ ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، هۆکارەکەی ئەمە نابێت کە خودا وێنەیەکی زیندووی ڕوونمان پێبدات لە ئازاری ماددی، وەک ڤایرۆسی کرۆنا. وە پاشان، لەم ڕۆژانەدا خودا بە بەزەییەکەیەوە هاوار دەکات و پێمان دەڵێت: بەئاگا وەرن! گوناه لە دژی خودا ئاوایە؛ خراپ و ناشیرینە، زۆر لە ڤایرۆسی کرۆنا مەترسیدارترە.

# بەشی حەوتەم

## ناردنی حوکمی خودایی دیاریکراو

### وەڵامی دووەم

هەندێک کەس تووشی پەتای ڤایرۆسی کڕۆنا دەبن وەک سزایەکی دیاریکراوی خودا لەسەریان، بە هۆی هەڵوێست و کردەوەی هەڵەیان.

واتای ئەوە نییە هەموو ئازارێک بە هۆی کەوتنەوەیە، یان لە ئەنجامی هاتنی گوناهە بۆ ناو جیهان، هەر ئازارێکی تاک بە حوکمدانێکی تایبەت دابنرێت لە خوداوە بۆ گوناهێکی کەسیی. بۆ نمونە، ئازارەکانی ئەیوب بەهۆی گوناهی کەسییەوە نەبوو، لە یەکەم ئایەتی سیپارەکەوە ئەمە دەردەکەوێت: «پیاوێک هەبوو... ناوی ئەیوب بوو، کەسێکی ڕاست و بێ کەموکوڕی بوو، لەخواترس بوو، خۆی لە خراپە لا دەدا» (ئەیوب ١: ١).

هەروەک پێشتر بینیمان، گەلی خودا ئەزموونی زۆرێک لە سزای جەستەیی گوناهەکانی دەکات. پۆڵسی نێردراو بەم شێوەیە باسی کردووە:

> چونکە کاتی دەستپێکردنی لێپرسینەوەیە لە گەلی خودا. ئەگەر دەستپێک لە ئێمەوە بێت، کۆتایی ئەوانە چی دەبێت کە گوێڕایەڵی پەیامی ئینجیلی خودا نابن؟ ﴿ئەگەر کەسی ڕاستودروست بە زەحمەت ڕزگاری ببێت، ئەی چارەنووسی خراپەکار و گوناهبار چۆن دەبێت؟﴾
>
> (یەکەم پەترۆس ٤: ١٧-١٨)

ئـەم حوکمدانـە خودایيـە، بـۆ ئەوانـەی لـە «ماڵـی خـودا»ن، بـۆ **پاکبوونەوە**یـە، نـەک **سـزا**. کەواتـە هەمـوو ئازارێـک لـە دەرەنجامـی حوکمێکـی تایبـەت نییـە لـە خـوداوە لەسـەر گوناهێکـی دیاریکـراو. بـەڵام لـە لایەکـی دیکـەوە، هەندێـک جـار خـودا نەخۆشـی بـەکار دەهێنێـت بـۆ حوکمدانـی تایبەتـی هەندێـک کـەس کـەوا خـودا ڕەت دەکەنـەوە و خۆیـان دەدەنـە دەسـت گونـاه.

## نموونەی حوکمدانی تایبەت لەسەر گوناهی دیاریکراو

بڕوانە دوو نموونە لەسەر حوکمی تایبەت لەسەر گوناهی دیاریکراو.

لـە بەشـی دوازدە لـە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان، هیرۆدۆسـی پاشـا خـۆی بـە مـەزن دانـا، وە ڕێـی دا پێـی بگوترێـت خوداوەنـد. «دەسـتبەجێ فریشـتەیەکی یـەزدان لێیـدا، چونکـە شـکۆی نەدایـە خـودا، کرمیـش لێیـدا و مـرد» (کـرداری نێـردراوان ١٢: ٢٣). دەکرێـت خـودا ئەمـە لەگـەڵ هـەر کەسێـک بـکات کـەوا خـۆی شـکۆمەند بـکات، ئەمـە وامـان لێـدەکات سەرسـام بیـن لـەوەی زۆرێـک لـە فەرمانڕەواکانمـان ڕۆژانـە بـە هـۆی لووتبـەرزی و خۆبەزلزانییـان لـە بەرامبـەر خـودا و خەڵکـی نامـرن. پشـوودرێژی خـودا بەزەییەکـی گەورەیـە.

نمونەیەکـی دیکـە گوناهـی هاوڕەگەزبازییـە. لـە ڕۆمـا ١: ٢٧، پۆڵسـی نێـردراو دەڵێـت: «پیاوانیـش وازیـان هێنـا لـە جووتبوونـی سروشـتی لەگـەڵ ژنانیـان و گڕیـان گـرت لـە هـەوەس بـۆ یەکـتری. پیـاو لەگـەڵ پیـاو بەدڕەوشـتی دەکـرد، جـا سـزای تـەواوی خراپبوونیـان لـە خۆیانـدا وەرگـرت». ئـەم «سـزای تـەواو»ە ئەنجامێکـی ئازاربەخشـە بـۆ گوناهەکەیـان «لـە خۆیانـدا».

ئـەم «سـزای تـەواو»ە تەنهـا نمونەیەکـە لەسـەر ئـەو حوکمدانـەی خـودا کـە لـە ڕۆمـا ١: ١٨ دەیبینیـن، «لـە ئاسـمانەوە تووڕەیـی خـودا لـە دژی هەمـوو خوانەناسـی و خراپەکارییەکـی خەڵـک دەردەکەوێـت، ئەوانـەی بـە خراپەکانیـان ڕاسـتی دادەپۆشـن». وە پاشـان، لـە کاتێکـدا هەمـوو ئازارێـک حوکمێکـی تایبـەت نییـە بـۆ گوناهێکـی دیاریکـراو، بـەڵام هەندێـک ئـازار بەڕاسـتی حوکمێکـی تایبەتـە.

## با خۆمان بپشکنین

بـەم شـێوەیە، بـە سـادەیی ڤایرۆسـی کرۆنـا سـزایەکی ڕوون نییـە لەسـەر هـەر مرۆڤێـک؛ ڕەنگـە باوەڕدارێـک بـە هـۆی ڤایرۆسـی کرۆنـا بمرێـت زۆر خۆشەویسـت بێـت، پـڕ لـە ڕۆحـی پیـرۆز، کـەوا بـە مەسـیح لێخۆشـبوونی گوناهەکانـی بەدەسـت هێنـاوە. بـەڵام پێویسـتە هـەر یەکێکـمان دڵـی خـۆی بپشـکنێت بـۆ ئـەوەی ببینیـن داخـوا ئازارەکەمـان حوکمدانـی خودایـە لەسـەر هەڵسـوکەوتمان یـان نـا.

ئەگـەر هاتووینەتـە لای مەسـیح، ئـەوا دڵنیا دەبین لـەوەی ئازارەکەمـان حوکمدانێک نییـە بـۆ سـزا لـە خـوداوە. وە دەتوانیـن لەمـە دڵنیـا ببینـەوە؛ لەبـەر ئـەوەی عیسـا گوتـی: «ئـەوەی گـوێ لـە وشـەکەم بگرێـت و بـاوەڕ بهێنێـت بـەوەی ناردوومـی ژیانـی هەتاهەتایـی دەبێـت و حوکـم نادرێـت، بەڵکـو لـە مردنـەوە بـۆ ژیـان گواسـتراوەتەوە» (یۆحەنـا ٥: ٢٤). ئەوانـەی لـە عیسـای مەسـیحدان هیـچ حوکمدانێکیـان لەسـەر نییـە (ڕۆمـا ٨: ١). بـەم شـێوەیە تەمبێکـردن، نـەک حوکمـدان و لەناوبـردن: «چونکـە ئـەوەی یـەزدان خۆشـیبوێ تەمبێـی دەکات، هەروەهـا هـەر یەکێـک وەک ڕۆڵـەی خـۆی وەریبگرێـت، بـە گۆچـان لێـی دەدات» (عیبرانییـەکان ١٢: ٦).

# بەشی هەشتەم

## بانگەوازی ئامادەیی بۆ هاتنی دووەم

### وەڵامی سێیەم

ڤایرۆسی کرۆنا بانگەوازێکی خودایە بۆ بەئاگاهاتنەوەمان بۆ هاتنی دووەمی مەسیح.

لەگەڵ ئەوەی مێژووی کڵێسا پڕە لەو پێشبینییانەی کە دەربارەی کۆتایی جیهان و نەهاتونەتە دی، ئەوا هاتنی دووەمی عیسای مەسیح هێشتا هەر ڕاستییە. کاتێک عیسا بەرەو ئاسمان چوو فریشتەکە گوتی: «ئەی جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە» (کرداری نێردراوان ١: ١١).

وە عیسا لە کاتی هاتنی دووەمی، حوکمی جیهان دەدات:

> کاتێک کوڕی مرۆڤ بە شکۆمەندی خۆیەوە دێتەوە و هەموو فریشتەکانیش لەگەڵیدان، لەسەر تەختی شکۆمەندیی خۆی دادەنیشێت. هەموو نەتەوەکان لەبەردەمی کۆدەبنەوە و ئەویش لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، وەک چۆن شوان مەڕ لە بزن جیا دەکاتەوە.
>
> (مەتا ٢٥: ٣١-٣٢)

ئەو کەسانەی ئامادە نین بۆ دیداری مەسیح، لەپڕ تووشی ئەو ڕۆژە دەبن:

> ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک دڵتان لەسەر ڕابواردن و

سەرخۆشی و خەم و خەفەتی ژیان بێت و ئەو ڕۆژە لەناکاو وەک تەڵە بەسەرتاندا بدات.

(لۆقا ٢١: ٣٤)

## ژانی لەدایکبوون

عیسا گوتی کەوا نیشانە هەیە بۆ هاتنی ئەو -وەک جەنگ و برسییێتی و زەمینلەرزە (مەتا ٢٤: ٧)- وە بەم نیشانانەی گوت «ژان ]ژانی لەدایکبوون[» (مەتا ٢٤: ٨). ئەمە زەوی وەک ژنێک وێنا دەکات لەسەر ژانی منداڵبوون بێت، هەوڵ دەدات جیهانی نوێ لەدایک ببێت، کە عیسا بە هاتنی دەیهێنێت.

پۆڵس هەمان ئەم وێنەیەی لە ڕۆما ٨: ٢٢ بەکارهێناوە، ئەم ئازارانەی خستۆتە پاڵ هەموو ئازار و ناڵەیەکی ئەم سەردەمە، یان هەموو ناخۆشی و کارەسات و نەخۆشییەک (وەک ڤایرۆسی کرۆنا). وە گوتی ئێمە، ئێمەی باوەڕدار، نەخۆشی بەشێکە لە ژانەکانی ئەم جیهانە. ئێمە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی کڕینەوەی جەستەمانین لە کاتی هاتنی عیسا، ئەو کاتەی مردووان هەڵدەستێنێتەوە، جەستەیەکی نوێی شکۆمەندمان پێدەدات (فیلیپی ٣: ٢١).

> کە خودی بەدیهێنراو لە کۆیلایەتی گەندەڵی ئازاد بکرێت تاکو هاوبەش بێت لە سەربەستی شکۆمەندی منداڵانی خودا. دەزانین هەموو بەدیهێنراوان هەتا ئێستا بەیەکەوە دەناڵێنن و ژانیان گرتووە. تەنها ئەمە نا، بەڵکو ئێمە کە یەکەمین بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزمان وەرگرت، لە ناخماندا دەناڵێنین و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی لەخۆگرتنەوەین، واتا ڕزگاریی جەستەمان.
>
> (ڕۆما ٨: ٢١-٢٣)

## ئێشک بگرن!

ئەمە بیرۆکەکەیە کەوا دەمەوێت بیخەمە ڕوو: عیسا دەیەوێت ژانەکان ئەزموون بکەین (لەوانەش ئازارەکانی ڤایرۆسی کرۆنا) تاوەکو ئەوەمان بەبیر بهێنێتەوە کەوا

عیسا دێت، وە پێویستمان بە ئامادەیی هەیە: «کەواتە ئێوەش ئامادە بن، چونکە کوڕی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە» (مەتا ٢٤: ٤٤).

ناچار نیت کات دابنێیت بۆ دیاریکردنی بەرواری دیاریکراو بۆ ئەوەی قسەکانی عیسا ڕژد وەربگریت. قسەی عیسا ڕوونە و پێچ و پەنای تێدا نییە: «کەواتە ئاگاداربن و ئێشک بگرن، چونکە نازانن کەی ئەو کاتە دێت... ئێشک بگرن، چونکە نازانن کەی گەورەی ماڵ دەگەڕێتەوە،... جا ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: ئێشک بگرن!» (مەرقۆس ١٣: ٣٣-٣٧).

پەیامەکە تەواو ڕوونە: ئێشک بگرن! ئێشک بگرن! ئێشک بگرن! ژانەکانی جیهانی سروشتی ئامانجیان ئەوەیە ئەم پەیامەمان پێ بگەیەنن. بەڵام بە داخەوە، چەندە خەڵک ئێشکیان نەگرتووە! لەگەڵ هەموو چالاکی و وروژانەکانیان، لە خەوێکی قووڵ دان سەبارەت بە هاتنی عیسای مەسیح. مەترسییەکی گەورەیە. وە ڤایرۆسی کرۆنا بانگەوازێکی بە بەزەییەوەیە بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین.

ئامادەبوونمان واتا بێینە لای عیسای مەسیح، وە لێخۆشبوونی گوناهەکانمان بەدەست بهێنین، لەژێر ڕووناکییەکەیدا بڕۆین. ئەو کاتە، لەنێو ئەو کەسانەداین:

> لە تاریکیدا نین تاکو ئەو ڕۆژە وەک دز لەناکاو بێتە سەرتان، چونکە هەمووتان ڕۆڵەی ڕووناکی و ڕۆژن... کەواتە ئێمە وەک خەڵکی دیکە ناخەوین،... بەڵکو با ئێشک بگرین و وریابین، چونکە ئەوانەی دەخەون بە شەو دەخەون و ئەوانەی سەرخۆش دەبن بە شەو سەرخۆش دەبن. بەڵام ئێمەی ڕۆڵەی ڕۆژ با وریا بین و زرێیa باوەڕ و خۆشەویستی لەبەر بکەین و هیوای ڕزگاری وەک کڵاوی ئاسنین لەسەر بکەین، چونکە خودا ئێمەی بۆ تووڕەیی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە، ئەوەی لە پێناوی ئێمەدا مرد، تاکو ئەگەر بەخەبەر بین یاخود نوستوو، لەگەڵ ئەو بژین.
>
> (یەکەم سالۆنیکی ٥: ٤-١٠)

# بەشی نۆیەم

## دووبارە ڕێکخستنەوەمان لەگەڵ بەها هەتاهەتاییەکەی مەسیح

### وەڵامی چوارەم

ڤایرۆسی کرۆنا بانگەوازێکی گەورە ئاسایە لە خوداوە، داوا لە هەموومان دەکات بۆ تۆبەکردن و دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیانمان لەگەڵ بەهای هەتاهەتایی مەسیح.

هەر ڤایرۆسی کرۆنا لە خۆیدا بانگەوازێکی ناوازە نییە بۆ تۆبەکردن، بەڵکو لە ڕاستیدا هەموو کارەساتە سروشتییەکان بانگەوازی ئازاربەخش و بە بەزەیین بۆ تۆبەکردن، لافاو و برسێیتی و هێرشی کوللە و شەپۆلی تسۆنامی یان نەخۆشی.

ئەمە لە وەڵامی عیسا بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە (لۆقا ١٣: ١-٥)، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەبارەت بە کارەساتێک لێی کرا:

> هەر لەو کاتەدا هەندێک لەوێ بوون، باسی ئەو جەلیلییانەیان بۆ عیسا کرد کە پیلاتۆس خوێنی لەگەڵ قوربانییەکانیان تێکەڵاو کرد. عیسا وەڵامی دایەوە: «وا دەزانن ئەو جەلیلییانە لە هەموو جەلیلییەکانی دیکە گوناهبارتر بوون، چونکە بەم شێوەیە ئازاریان چێژت؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن. یان ئەو هەژدە کەسەی لە سیلوام قوللەکەیان بەسەردا کەوت و

کوشتنی، لە هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم گوناهبارتر بوون؟
من پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان
بەو شێوەیە لەناودەچن.»

پیلاتۆس کەسانێکی کوشت لە پەرستگادا خەریکی پەرستش بوون، هەروەها لە سیلوام تاوەرێک ڕوخا، بووە هۆی کوشتنی هەژدە کەس لەوانەی لەوێ بوون. یەکێک لە کارەساتەکان لە ئەنجامی خراپەی خەڵک بوو، لە کاتێکدا کارەساتەکەی دیکە تەنها ڕووداوێک بوو، وەک ئەوەی دیارە.

## واتای کارەسات - لەلای تۆ

کۆمەڵە خەڵکەکە ویستیان لە عیساوە واتای ئەو ڕووداوانە بزانن، وە داخوا کارێکی حوکمدانی خودایە لە خوداوە لەسەر گوناهێکی دیاریکراو. بەڵام وەڵامی عیسا سەرسوڕهێنەر بوو؛ لەم دوو کارەساتەوە واتایەکی پێگوتن کەوا پەیوەندی بە هەمووانەوە هەبوو، نەک هەر ئەوانەی مردن، گوتی: «نە ئەوانەی پیلاتۆس کوشتنی، وە نە ئەوانەی کەوتنە ژێر تاوەرەکە، لە ئێوە گوناهبارتر نین».

ئێوە؟ بۆچی عیسا لێرەدا بابەتی **گوناهی ئەوانی** وروژاند؟ خەڵکەکە داوای ڕای ئەویان نەکردبوو لەسەر **گوناهەکانیان**. ئەوان دەیانویست بارودۆخی خەڵکی دیکە بزانن. دەیانویست بزانن ئەم کارەساتانە بۆ قوربانییەکان چین، نەک بۆ ئەوان.

ئەمە وای کرد وەڵامی عیسا سەرسوڕهێنەر بێت. لە کرۆکدا، گوتی کە واتای ئەم کارەساتانە بۆ هەمووانە. پەیامەکەش ئەوەیە: «تۆبە بکەن، ئەگینا لەناودەچن»، دوو جار دووپاتی دەکاتەوە: «ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن» (لۆقا ١٣: ٣)، «بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن» (١٣: ٥).

## بانگەوازێکی بە بەزەیی کە هێشتا کاتی ماوە

عیسا لێرەدا چی کرد؟ سەرنجی خەڵکی ئاراستە دەکرد. ئەو سەرنجەی کەوا پاڵی بەو خەڵکەوە ناوە ئەم پرسیارە لە عیسا بکەن. سەرسام ببوون لەوەی

خەڵکی بەو دڵڕەقییەوە کوژران. بەڵام عیسا گوتی، «دەمەوێت سەرسام بن لەبەر ئەوەی ئێوە لەنێو ئەو خەڵکە نەبوون کەوا کوژراون یان کەوتوونەتە ژێر تاوەرەکە. لە ڕاستیدا، ئەگەر تۆبە نەکەن، ڕۆژێک بەخۆتان تووشی حوکمدانێکی ئاوا دەبن».

بە پشتبەستن بەمە، دەتوانین بگەینە ئەم دەرەنجامەی خودا لەنێو ئەم کارەساتانەدا پەیامێکی بە بەزەییمان ئاراستە دەکات، کە ئەوەیە: ئێمە هەموومان گوناهبارین، بە ئاراستەی وێرانیدا دەچین، کارەساتەکان تەنها بانگهێشتێکی بە بەزەیین لە خوداوە بۆ ئەوەی هەتا کاتی ماوە تۆبە بکەین و ڕزگار بین. عیسا سەرنجەکەی لەسەر مردووان لادا بۆ سەر زیندووان، بە کورتی گوتی: «پێویستە باسی مردووان نەکەین، بەڵکو باسی ئێوە بکەین. ئەمە گرنگترە؛ ئەوەی بەسەر ئەوان هات پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە. گەورەترین کێشەیان لە گوناهی ئەواندا نییە، بەڵکو لە گوناهی ئێوەدایە». وە پێم وایە لەم پەتایەی ڤایرۆسی کرۆنادا ئەمەیە پەیامی خودا بۆ جیهان. بانگهێشتی جیهان دەکات بۆ تۆبەکردن هەتا کاتی ماوە.

## تۆبەکردن واتای چییە؟

با وردتر بین. وشەی تۆبە واتای چییە؟ ئەو وشەیە لە پەیمانی نوێدا واتای گۆڕینی دڵ و هزرە، گۆڕینێکی ڕووکەشیی نییە لە ڕا، بەڵکو گۆڕانێکی ناوەکیی قووڵە، وامان لێدەکات درک بە بەهای ڕاستەقینەیی خودا و عیسای مەسیح بکەین و ڕێزی لێ بگرین. عیسا بەم شێوەیە وەسفی ئەم گۆڕانەی کردووە:

> «عیسا پێی فەرموو: بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ.» (مەتا ٢٢: ٣٧)

> «ئەوەی باوک یان دایکی لە من زیاتر خۆشبوێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من زیاتر خۆشبوێت، شایانی من نییە.» (مەتا ١٠: ٣٧)

بە واتایەکی دیکە، گرنگترین گۆڕان لە دڵ و هزر کە داوای تۆبەکردنی لێ

دەکرێت ئەوەیە ڕێز لە بەهای خودا بگرین، وە لە تەواوی بوونمانەوە پێیەوە پەیوەست بین، هەروەها ڕێز لە بەهای عیسا بگرین، لە هەر پەیوەندییەکی دیکە زیاتر پێیەوە پەیوەست بین.

## بۆچی عیسا بە وێرانبوون هەڕەشەمان لێ دەکات؟

ئەو هۆکارەی کە مەسیح گوتی ئەگەر ئێمە تۆبە نەکەین هەموومان بە هەمان شێوە لەناو دەچین ئەوەیە ئێمە هەموومان گەنجینەی خودامان گۆڕیوە بە شتێک کە زیاتر لە خودامان خۆشدەوێت (ڕۆما ١: ٢٢-٢٣)، هەموومان بە شێوەیەک مامەڵەمان لەگەڵ عیسا کردووە بە جۆرێک کەمترمان داناوە لە پارە و خۆشگوزەرانی و برادەر و خێزان. ئەو هۆکارەی وا دەکات هەموومان شایستەی لەناوچوون بین ئەو یاسایانە نین کە پێشێلمان کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە زێدەڕەویمان کردووە لە بەهای بێسنووری خودا لە عیسای مەسیحدا.

## بەئاگاهاتنەوە لە بژاردە خۆکوژییەکانمان

تۆبەکردن واتا بە ئاگا بێینەوە لەوەی تەنەکەمان لە زێڕ بە باشتر داناوە، وە بناغەی لم باشتر لە بەرد، وە یاریکردن لەنێو چڵکاوی ئاوەڕۆ لە بەرامبەر بەسەربردنی پشوو لە کەناری دەریا. سی ئێس لویسی نووسەر نووسیویەتی:

> «ئێمە بوونەوەری دڵناسکین، کاتێک **خۆشییەکی بێ سنوور**مان بۆ پێشنیار دەکرێت بە خواردنەوە و سێکس هەڵدەخەڵەتێین و فریو دەخۆین. ئێمە وەک منداڵێکی نەفامین لە گەڕەکێکی هەژار بەردەوام حەز دەکات بە قوڕ نان دروستبکات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت ئەندێشەی واتای ئەوە بکات کە بەسەربردنی پشوو لە کەناری دەریا چییە. لەڕادەبەدەر بە کەم ڕازی دەبین.»[j]

jC. S. Lewis, “The Weight of Glory,” in The Weight of Glory and Other Addresses (1949; repr., New York: Harper, 2009.26 ,)

«ئەو خۆشییە بێسنوورە» کەوا لویس باسی دەکات ئەوەیە بینینی بەهای مەسیح و جوانی و مەزنییەکەی ئەزموون بکەین، وە چێژی لێ وەربگرین و باسی بکەین.

## پاڵنەرمان بۆ پشتبەستن بە مەسیح

ئەوەی خودا بە هۆی ڤایرۆسی کرۆنا دەیکات ئەوەیە کە بە وێنەیەکی ڕوون و ئازاربەخش پێمان پیشان دەدات هیچ شتێک لەم جیهانە ئەم ئارامی و تێرییەمان پێ نابەخشێت کەوا لە مەزنی و بەهای بێ سنووری مەسیحدا دەیدۆزینەوە. ئەم پەتا جیهانییە ئازادی جوولە و کارکردن و پەیوەندی ڕووبەڕووی لەگەڵ کەسانی دیکەی لێ سەندووین، هەروەک ئارامی و حەسانەوەمانی لێ سەندووە، لەوانەیە لە کۆتاییدا ژیانیشمان لێ بستێنێت.

خودا تووشی ئەم جۆرە کارەسانەمان دەکات بۆ ئەوەی پاڵمان بنێت بۆ پشتبەستن بە مەسیح. بە دەربڕینێکی دیکە، خودا لە بەڵادا دەرفەتێک دروست دەکات بۆ ئەوەی مەسیح پێشکەشی جیهان بکات؛ لەبەر ئەوەی کاتێک مەسیح لەنێو ئازاردا خۆشیمان دەپارێزێت مەزنی بێسنووری مەسیح زیاتر دەدرەوشێتەوە.

## بەخششی بێهیوایی

لەگەڵم بیر بکەوە، بۆ نموونە، بۆچی خودا پۆڵسی گەیاندە ئاستێک کە تێیدا لە ژیان بێهیوا بوو:

> خوشکان و برایانم، نامانەوێت ئەو تەنگانەیەی لە ئاسیا بەسەرمان هات لەلاتان شاراوە بێت، کە زۆر قورس بوو و لە سەرووی توانامانەوە بوو، هەتا ئەوەی لە ژیان بێهوودە بووین. بێگومان هەستمان دەکرد حوکمی مردنمان بۆ دراوە، تاکو پشت بە خۆمان نەبەستین، بەڵکو بەو خودایەی مردووان هەڵدەستێنێتەوە.
>
> (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩)

پۆڵس پێی وا نەبوو ئەم ئەزموونەی بێهیوایی لە ژیان لە شەیتانەوە یان

هەڕەمەکـی بێـت، بەڵکـو وای بینیـوە کـەوا مەبەسـت و ئامانجـی هەیـە، ئـەم مەبەستەش مەبەستی خودایە؛ ئـەم ئەزموونـەی کـەوا هەڕەشـە بـوو بـۆ ژیان «تاکو پشـت بـە خۆمـان نەبەسـتین، بەڵکـو بـەو خودایـەی مـردووان هەڵدەسـتێنێتەوە» (دووەم کۆرنسـۆس ١: ٩).

پەیامـی ڤایرۆسـی کرۆنـا ئەمەیـە: وازبهێنـن لـە پشتبەسـتن بـە خۆتـان و ئـاوڕ لـە خـودا بدەنـەوە. تەنانـەت ناتوانـن **ڕێگـری** لـە مردنیـش بکـەن، بـەڵام خـودا دەتوانێـت مـردوو **زینـدوو بکاتـەوە**. وە بـە دڵنیاییـەوە «پشتبەسـتن بـە خـودا» واتـای ئـەوە نییـە بـاوەڕداران دەسـتبەتاڵ بـن. هەرگیـز بـاوەڕداران دەسـتبەتاڵ نیـن. بەڵکـو واتـا بناغـەی هـەر شـتێک کـە دەیکـەن نمونـە و ئامانجەکـەی خـودا بێـت. هـەروەک پۆڵـس دەڵێـت: «بەڵکـو مـن لـە هەمـوو نێردراوانـی دیکـە ماندووتـر بـووم، بـەڵام مـن نـا، بەڵکـو نیعمەتـی خـودا بـوو کـە لەگەڵمدایـە» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٥: ١٠).

## واتای دڕک

بـا پێکـەوە بیـر لـەم دڕکـە ئازاربەخشـە بکەینـەوە کـەوا خـودا تووشـی جەسـتەی پۆڵسـی کـردووە:

> بـۆ ئـەوەی بـە گەورەیـی ئـەو بینینانـەی بـۆم ئاشـکرا کران لووتبەرز نەبـم، لـە جەسـتەدا دڕکێکـم درایـێ، وەک ئـەوەی لەلایـەن شـەیتانەوە نێردرابێـت تاکـو ئـازارم بـدات، تاکـو لووتبـەرز نەبـم. بـۆ ئەمـە سـێ جـار لـە عیسـای خـاوەن شـکۆ پاڕامـەوە لـە کۆڵـم بکاتـەوە، بـەڵام پێـی فەرمـووم: «نیعمەتـی منـت بەسـە، چونکـە هێـزی مـن لـە لاوازیـدا تـەواو دەبێـت.» بۆیـە بەوپـەڕی شـادییەوە شـانازی بـە لاوازیمـەوە دەکـەم، تاکـو هێـزی مەسـیح بێتـە سـەرم.
>
> (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٧-٩)

پۆڵـس ڕاگەیاندنـی مـەزن پێدرابـوو. وە لـە کاتێکـدا خـودا لەمـەدا مەترسـی لووتبـەرزی بینـی، وە شـەیتان مەترسـی ڕاسـتی و خۆشـیی بینـی. بـەڵام خـودا پیلانەکانی شـەیتانی جڵەوگیـر کـرد، بـە جۆرێـک شـەیتان پێـی وابـوو کـە شـایەتیدانی

پۆڵس دەشێوێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ساکاری و خۆشحاڵی بە پۆڵس بەخشی. پۆڵس تووشی دڕکێک بوو لە جەستەدا، «فریشتە ]یان نێردراو[ شەیتان»، بەڵام لە ڕاستیدا نێردراوی خودا بوو. هەرچەندە ئێمە سروشتی ئەو دڕکە نازانین، باش دەزانین کە ئەم دڕکانە ئازاربەخشن، وە پۆڵس سێ جار نزا دەکات بۆ خودا بۆ ئەوەی ئەم دڕکەی لەکۆڵ بکاتەوە.

بەڵام خودا ئەمەی نەکرد؛ لەبەر ئەوەی لەم ئازارەدا مەبەستی هەبوو: «چونکە هێزی من لە لاوازیدا تەواو دەبێت» (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٩). مەبەستی بوو کەوا بە هۆی باوەڕی پۆڵس و خۆشییە چەسپاوەکەی، مەسیح بدرەوشێتەوە، زۆر زیاتر و باشترە لە تەندروستییەکەی پۆڵس. کاردانەوەی پۆڵس چی بوو لە بەرامبەر ئەم مەبەستە؟ «بەوپەڕی شادییەوە شانازی بە لاوازیمەوە دەکەم، تاکو هێزی مەسیح بێتە سەرم» (دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٩).

بە خۆشحاڵییەوە! ئەمە چۆن دەبێت؟ بۆچی پۆڵس ئامادەیە بۆ ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە دڕکەکەی قبووڵ بکات؟ لەبەر ئەوەی ئامانجی مەزنی لە ژیان ئەوە بوو مەسیح لە جەستەیدا شکۆمەند بێ، لە ژیانی بێت یان لە مردن (فیلیپی ١: ٢٠). ئەمە سەرچاوەی خۆشی و خۆشحاڵی پۆڵس بوو، کە جوانی مەسیح ببینێت، وە بەهاکەی بە گەنجینەی بەهاداری بزانێت، وە بە خەڵکی جیهانی پیشان بدات کەوا عیسا گرنگترە لە تەندروستی و ژیان. هۆنراوەیەکی خۆش هەیە بە ناونیشانی «دڕکێک» (The Thorn)، کەوا لە لایەن مارتا سنیل بیکۆلسۆن نووسراوە، کەوا لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨ و ١٩٥٣ ژیاوە، بەم وشانە کۆتایی بە هۆنراوەکە دەهێنێت:

> «فێربووم کەوا بەبێ ئەم نیعمەتە زیادەیە دڕک نابەخشێت،
>
> ئەو دڕک دەبەخشێت بۆ ئەوەی ئەم پەردەیە لابدات کە ڕوخساری دەشارێتەوە».

## لە دۆڕان، بردنەوە

پۆڵس دۆڕانی قبووڵ کرد، لەبەر ئەوەی لە دۆڕاندا، زیاتر و زیاتر مەسیحی بەدەستدەهێنا:

لەمەش زیاتر هەموو شتێک بە زیان دەزانم لەبەر بەرزی بەهای ناسینی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ. لە پێناوی ئەودا هەموو شتێکم لە دەست دا و هەموو ئەو شتانەم بە زبڵ دانا، بۆ ئەوەی مەسیح بەدەستبهێنم.

(فیلیپی ٣: ٨)

کەواتە ئەمە واتای تۆبەکردنە: گۆڕانێک لە دڵ و هزر ئەزموون بکەین، کەوا گەنجینەی خودا لە مەسیحدا لە ژیانمان بەهادارترە. «لەبەر ئەوەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت لە ژیان باشترە، لێوەکانم ستایشت دەکەن» (زەبووری ٦٣: ٣). ئەمە باوەڕی پۆڵس بوو، ئەمە بۆ مردن و بۆ ژیان ڕاستەقینە بوو. لە ژیاندا، لەبەر ئەوەی مەسیح خۆشی هەموو چێژێکە، وە لە هەموو خۆشییەک باشترە. وە لە مردندا؛ لەبەر ئەوەی «تێربوون لە شادی لە ئامادەبوونتدایە، خۆشحاڵی هەتاهەتایی لەلای دەستەڕاستی تۆدایە» (زەبووری ١٦: ١١).

پەتای کرۆنا ئەزموونی لەدەستدانە -لە سادەترین لەدەستدانی ئامرازەکانی حەسانەوە، هەتا گەورەترین لەدەستدانی خودی ژیان. ئەگەر توانیمان نهێنی خۆشی پۆڵس بزانین، ئەوا ئەم لەدەستدانە تێدەپەڕێنین و بە سەرکەوتن هەژمێری دەکەین. خودا ئەمە بە جیهان دەڵێت: تۆبە بکەن، ژیانتان ڕێکبخەنەوە و بیگونجێنن لەگەڵ شایستەیی مەسیح.

# بەشی دەیەم

## ئەنجامدانی کاری چاک لەنێو مەترسیدا

### وەڵامی پێنجەم

ڤایرۆسی کرۆنا بانگهێشتی خودایە بۆ گەلەکەی لەپێناو زاڵبوون بەسەر خۆویستی و ترس، وە کاری خۆشەویستی چاکە پەیڕەو بکەن کەوا بە خۆشی و ئازایەتییەوە خودا شکۆمەند دەکات.

عیسا شوێنکەوتووانی خۆی فێرکرد و گوتی: «با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە» (مەتا ٥: ١٦). ئەوەی زۆربەی کات تێبینی ناکەین ئەوەیە کە خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان بین و بە شێوەیەک زیاتر سوێر و ڕووناکتر بین، لەبەر ئەوەی تەنانەت لەناو تەنگانە و ئازاریشدا دەبێت کاری چاک ئەنجام بدرێت.

### درەوشانەوە لەناو تاریکایی مەترسیدا

عیسا دەڵێت: «خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. دڵخۆش و شادمان بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە» (مەتا ٥: ١١-١٢). پاشان ڕاستەوخۆ دەڵێت: «ئێوە خوێی زەوین... ئێوە ڕووناکی جیهانن» (مەتا ٥: ١٣-١٦).

تەنها کاری چاک نییە کەوا تام و ڕووناکی زیاتر دەکات بۆ باوەڕداران بە مەسیح، بەڵکو ئەنجامدانی کاری چاکەیە لەنێو مەترسیدا. خەڵکانێکی زۆر کە

باوەڕیشیان بە مەسیح نییە کاری چاک دەکەن، بەڵام بە دەگمەن خەڵکی بە هۆیەوە خودا شکۆمەند دەکەن.

ڕاستە ئەو مەترسییەی لە بەشی پێنجەمی مەتا هاتووە چەوسانەوەیە، نەک نەخۆشی. بەڵام هەمان بنەمایە. ئاماژەیە بۆ کاری خۆشەویستی لەنێو مەترسیدا، جا ئەگەر نەخۆشی بێ یان چەوسانەوە، زۆر بە ڕوونی ئاماژە دەکات بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئەم کارانە بە هیوا لە خوداوە پشتگیری دەکرێن. بۆ نموونە، عیسا گوتی:

> بەڵکو ئەگەر میوانداررییەکت کرد، هەژار و پەککەوتە و شەل و کوێر بانگهێشت بکە. خۆزگەت پێ دەخوازرێ، چونکە نییانە پاداشتت بدەنەوە، تۆش لە هەستانەوەی ڕاستودروستان پاداشت دەدرێیتەوە.
>
> (لۆقا ١٤: ١٣-١٤)

هیوا بە خودا سەبارەت بە دوای مردن («تۆش لە هەستانەوەی ڕاستودروستان پاداشت دەدرێیتەوە») ئەمەیە کەوا پشتیوانی و پشتگیری لە کاری چاک دەکات، کەوا چاوەڕێی هیچ پاداشتێک ناکات لەم جیهانەدا. هەمان کار جێبەجێ دەبێت لەسەر ئەو کارە چاکەی دەمانخاتە مەترسییەوە، بە تایبەتی مەترسی مردن.

## چۆنیەتی پەیڕەوکردنی فێرکردنی عیسا لەلایەن پەترۆس

پەترۆسی نێردراو، لە هەر نووسەرێکی دیکەی پەیمانی نوێ زیاتر باسی فێرکردنی عیسای کردووە دەربارەی کاری چاک:

> با لەنێو بێباوەڕاندا ڕەوشتتان باش بێت، تاکو کاتێک بوختانتان پێ دەکەن گوایا ئێوە بەدکارن، کردەوە چاکەکانتان ببینن و لە ڕۆژی بەسەرکردنەوەی خودا، ئەوانیش خودا شکۆدار بکەن.
>
> (یەکەم پەترۆس ٢: ١٢)

هەروەها، پەترۆس بیرۆکەی کاری چاکی خستە ڕوو کە لەنێو مەترسیدا ئەنجام

دەدرێـت و گوتـی: «بۆیـە ئەوانـەی بەگوێـرەی خواسـتی خـودا ئـازار دەدرێـن، بـا خۆیـان بدەنـە دەسـت بەدیهێنـەری دڵسـۆز و بـەردەوام بـن لـە چاکـەکاری» (یەکـەم پەتـرۆس ٤: ١٩). بـە واتایەکـی دیکـە، ڕێ مـەدە ئەگـەری بوونـی ئـازار ڕێگریـت لـێ بـکات لـە ئەنجامدانـی کاری چاکـە.

## مەسیح مرد بۆ ئەنجامدانی کاری چاک لەنێو مەترسیدا

پەتـرۆس ئـەم جـۆرە نوێیـەی ژیانـی بـە مردنـی عیسـاوە بەسـتاوەتەوە لەپێنـاو گوناهەکانمـان: «]مەسـیح[ ئـەوەی خـودی خـۆی لـە لەشـیدا لەسـەر دار گوناهەکانمانـی هەڵگـرت، تاکـو سـەبارەت بـە گونـاە بمریـن و بـۆ ڕاستودروسـتی بژیـن» (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٢٤). بەهـۆی مەسـیح، بـاوەڕداران گونـاە دەمرێنـن، دەسـت دەکـەن بـە کاری ڕاستودروسـت.

پۆڵـس هەمـان پەیوەنـدی دەردەخـات لـە نێـوان مردنـی عیسـا و دڵگەرمـی بـاوەڕداران بـۆ کاری چـاک، دەڵێـت: «]مەسـیح[ ئـەوەی بـۆ ئێمـە خـۆی بەختکـرد، تاکو لـە هەمـوو سـەرپێچییەک بمانکڕێتـەوە و گەلێکـی تایبـەت بـۆ خـۆی پـاک بکاتـەوە، دڵگـەرم بـۆ چاکـەکاری» (تیتـۆس ٢: ١٤).

بـەم شـێوەیە، پۆڵـس ڕوونـی کـردەوە کـە ئـەم کارە چاکانـە ئاراسـتەی بـاوەڕداران و بێباوەڕانیـش کـراوە: «ئینجـا هەتـا دەرفەتمـان هەیـە، بـا چاکـە لەگـەڵ هەمـووان بکەیـن، بـە تایبەتـی لەگـەڵ خێزانـی بـاوەڕداران» (گەلاتیا ٦: ١٠)، «ئاگاداربن پاداشـتی خراپـە بـە خراپـە مەدەنـەوە، بەڵکـو هەمیشـە هـەوڵ بـدەن بـۆ یەکـتری و بـۆ خەڵکـی دیکـەش بـاش بـن» (یەکـەم سالۆنیکی ٥: ١٥).

## مەسیح لە چاکەی مەترسیداردا شکۆمەندە

ئامانجـی سـەرەکی کـە خـودا بـۆ گەلەکـەی دیـاری کـردووە ئەوەیـە کـەوا مەزنییەکـەی شـکۆدار بکـەن، وە عیسـای مەسـیحی کوڕەکـەی پایـەدار بکـەن، «بۆیـە ئەگـەر خواردتـان یـان خواردتانـەوە یـان هـەر شـتێکتان کـرد، هەموو شـتێک بۆ شـکۆی خـودا بکـەن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ٣١)، «بە پەرۆشـەوە چاوەڕوان و ئومێدەوارم...

هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن» (فلیپی ١: ٢٠). ئامانج ئەوەیە لە هەموو شتێکدا خودا شکۆدار بێت، وە لە مردن و ژیانیش مەسیح پایەدار بێت. ئەمەیە ئامانجی خودا لە ژیانی مرۆڤدا.

بەم شێوەیە، یەکێک لە مەبەستەکانی خودا لە ڤایرۆسی کرۆنا ئەوەیە گەلەکەی زاڵبن بەسەر خۆویستی و ترس، وە لە کاتی مەترسیشدا کاری چاکە بکەن. باوەڕداران زیاتر حەز بە دابینکردنی پێویستییەکان دەکەن نەک بە حەسانەوە؛ وە خۆشەویستی نەک هەستکردن بە ئارامی. ڕزگارکەرەکەمان ئاوایە، هەر لەپێناو ئەمەشدا مرد.

## نمونەیەک لە کڵێسای یەکەمین

ڕۆدنی ستارک لە کتێبەکەی بە ناونیشانی «سەرکەوتنی باوەڕ بە مەسیح» باسی ئەوە دەکات بنەمای باو لە سەدەکانی سەرەتای کڵێسای مەسیحی ئەوەیە «خۆشەویستی مەسیحییانە و کاری خێرخوازی پێویستە لە سنووری خێزان تێپەڕێت، بەڵکو تەنانەت لە سنووری بازنەی باوەڕدارانیش تێپەڕێت، دەبێت بگاتە هەموو خاوەن پێویستییەک».[k]

لە ساڵانی ١٦٥ و ٢٥١ زایینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی تووشی دوو پەتا بوو. وە لە دەرەوەی کڵێسای مەسیحی، هیچ بنەمایەکی ڕۆشنبیری یان ئایینی نەبوو بانگەشەی میهرەبانی بکات. «باوەڕێک نەبوو بەوەی خوداوەندەکان گرنگی بە کاروباری مرۆڤ دەدەن»[l]، «بەزەیی بە کەموکوڕییەک دادەنرا لە کەسایەتی کەسەکان، وە میهرەبانی سۆزێکی گونجاو بوو؛ چونکە بەزەیی پەیوەندی هەیە بە پێشکەشکردنی یارمەتی یان بەهاناوەهاتنی ناشایستە، ئەمە پێچەوانەی دادپەروەرییە»[m].

بەم شێوەیە لە کاتێکدا سێیەکی ئیمپراتۆریەتەکە لە ئەنجامی نەخۆشی

---

kRodney Stark, The Triumph of Christianity: How the Jesus Movement Became the World's Largest Religion (New York :Harper, 2011), 113.

lStark, *Triumph of Christianity*, 115.

mStark, *Triumph of Christianity*, 112.

لەناودەچـوو، پزیشـکەکان ڕایـان کـرد بـۆ گونـدە دوورەدەسـتەکان، ئـەو کەسـانەی نیشـانەی نەخۆشـییەکەیان هەبـوو لـە مـاڵ دەردەکـران، کاهینـان پەرسـتگاکانیان بەجێهێشـت. بـەڵام سـتارک گوتـی: «دەگوتـرا مەسـیحییەکان هەمـوو وەڵامێکیـان هەیـە، وە لەمـەش گرنگـتر ئـەوان کاردانـەوەی گونجـاو و دروسـتیان هەبـوو»[n].

وەڵامـەکان لێخۆشـبوون لـە گونـاه بـە هـۆی مەسـیح و هیـوا بـە ژیانـی هەتاهەتایی دوای مـردن لەخۆدەگرێـت. ئەمـە پەیامێکـی بەهـادار بـوو لـە کاتێـکدا پزیشـکەکان هیچـان لەدەسـت نەدەهـات و تـەواو بێهیـوا بـوون.

بـەڵام لـە ڕووی کـردارەوە، زۆرێـک لـە بـاوەڕداران بە مەسـیح تووشـی نەخۆشـییەکە بـوون و مـردن. لـە کۆتاییەکانی دووەمین پەتا، دیونیسیۆسـی ئەسـقۆفی ئەسـکەندەرییە نامەیەکـی نووسـی تێیـدا ستایشـی ئەندامانی کڵێسـاکەی کـرد، گوتی:

> زۆربــەی برایانمــان خۆشەویســتی و دڵســۆزییەکی بێســنووریان پیشـاندا، کـەوا بیریـان لـە خۆیـان نەکـردەوە. گوێیـان بـە مەترسـی نـەدا، بەرپرسـیارییێتی نەخۆشـەکانیان لـە ئەسـتۆ گـرت، هەمـوو پێویسـتییەکانیان دابیـن کـردن، وە لـە مەسـیحدا خزمەتیـان کـردن، پێکـەوە بـە خۆشـحاڵییەوە ئـەم ژیانەیـان بەجێهێشـت.[o]

## بێدەنگکردنی نەفامی ئیمپراتۆرەکان

بـە تێپەڕینـی کات، ئـەم بایەخپێدانـە بـە نەخـۆش و هـەژاران، دژە بـە کەلتـووری بـاو و گونجـاوە لەگـەڵ مەسـیح، کاریگەرییەکـی گەورەی هەبوو لەسـەر بەدەسـتهێنانی کەسـانێکی زۆر، وە لەنێـو بتپەرسـتی دەریهێنـان. پاشـان لـەدوای تێپەڕینـی دوو سـەدە، کاتێـک جۆلیانـی ئیمپراتـۆری یۆنانـی (٣٣٢-٣٦٣ زایینـی) ویسـتی کـەوا ئایینـی کۆنـی ڕۆمانـی زینـدوو بکاتـەوە، وای دانـا کـە مەسـیحییەت سـەرچاوەی هەڕەشـەیەکی گەورەیـە، بـە بێهیواییـەوە نامەیەکـی بـۆ سـەرۆک کاهینانـی گەلاتیـا نووسـی و گوتـی:

> خوانەناسـی ]لەوانـە بـاوەڕ بـە مەسـیح[ بـە شـێوەیەکی تایبـەت

n Stark, *Triumph of Christianity* 116.

o Stark, *Triumph of Christianity* 117.

پێشـکەوتووە، لـە ڕێـگای خۆشویسـتنی بێگانـەکان و گرنگیـدان بـە ناشـتنی مـردووان. مایـەی شـەرمەزارییە کـەوا یـەک جولەکـە نییـە دەرۆزە (سـواڵ) بـکات، وە ئەوانـەی باوەڕیـان بـە خـودا نییـە ] مەسـیحییەکان[ تەنهـا گرنگـی بـە هەژارانـی خۆیـان نـادەن، بەڵکو گرنگـی بـە هەژارانـی ئێمـەش دەدەن؛ لـە کاتێکـدا ئەوانـەی لەپاڵ ئێمـەن چاوەڕێـی ئـەو یارمەتییـەن کـە دەبێـت ئێمـە پێشکەشـیان بکەین.[p]

## سووککردنی ئازاری ئەوەی خودا ناردوویەتی

هیـچ دژایەتییـەک نییـە لـە نێـوان بینینـی ئـەوەی ڤایرۆسـی کرۆنـا کارێکـی خودایـە لەگـەڵ بانگکردنـی بـاوەڕداران بـۆ ئـەوەی مەترسـی بگرنەبـەر بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەو ئازارانـەی کـە دروسـتی دەکات. هـەر لـەو کاتـەوەی کـە خـودا لـە کەوتنـدا جیهانـی خسـتە ژێـر بـاری گونـاە و ناخۆشـی، دایناوە کـە گەلەکـەی بـەدوای ڕزگارکردنـی لەناوچوونـدا بگەڕێـن، هەرچەنـدە ئـەو خـۆی بڕیـاری لەناوچوونەکـەی دیـاری کردووە. خـودا خـۆی لـە عیسـای مەسـیحدا هاتـە جیهـان بـۆ ئـەوەی خەڵکـی لـە حوکمـە دادپەروەرانەکـەی خـۆی ڕزگار بـکات (ڕۆمـا ٥: ٩). ئەمەیـە واتـای خاچـی مەسـیح.

بـەم شـێوەیە، لـە کـردەوە چاکەکانـی گەلـی خـودا نوێژکردنـە لەپێنـاو چاکبوونەوەی نەخۆشـەکان، بـۆ ئـەوەی خـودا دەسـتی هەڵبگرێـت، ئـەو پەتایەمـان لەسـەر هەڵبگرێـت، وە چارەسـەرمان پێشـکەش بـکات. ئێمـە لـە کاتـی ڤایرۆسـی کرۆنـادا نوێـژ بـۆ خـودا دەکەیـن، وە کار دەکەیـن بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەو ئازارانـەی هەیەتـی، هـەر بـەو شـێوەیەی کـە ئەبراهـام لینکۆڵـن نوێـژی کـرد بـۆ کۆتایـی جەنگـی ناوخـۆ، وە کاری کـرد بـۆ کۆتایـی پێهێنانـی، هەرچەنـدە وەک حوکمێکـی خـودا دەیبینـی:

ئێمـە هیواخوازیـن، بـە دڵگەرمییـەوە نوێـژ دەکەیـن -بـۆ ئـەوەی ئـەم گێـژاوە بەهێـزەی جەنـگ بـە خێرایـی نەمێنێـت. بـەڵام، ئەگـەر خـودا بیەوێـت بـەردەوام بێـت، هەتـا هەمـوو ئـەو سـامانە لەناودەچێـت کـە بـە دووسـەد و پەنجـا سـاڵ ڕەنجـی بێـگاری پیـاوان بەدیهاتـووە، هەتـا ئـەوەی هەمـوو دڵۆپـە خوێنێـک کـە بـە قامچـی

pStephen Neill, *A History of Christian Missions*, 2nd ed. (New York: Penguin, 1986), 37–38.

ڕژاوە، دەبێت کەسێکی دیکە بە شمشێر بیداتەوە، ئێمە بەردەوام ئەو قسەیە دەکەینەوە کە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا گوتراوە، «حوکمی یەزدان ڕاستە، بە تەواوی ڕاستودروستە».

خودا کاری خۆی هەیە بۆ ئەوەی بیکات، زۆرێکیان شاردراوە و نهێنین. هەروەها ئێمەش کاری خۆمانمان هەیە. ئەگەر متمانە بە خودا بکەین و گوێڕایەڵی وشەکەی بین، ئەوا دەبێتە مایەی شکۆمەندی خودا و هەروەها خزمەتی ئێمەش وە خواستە دانایی و باشەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن.

# بەشی یازدەیەم

## هەڵتەکاندنی ڕەگەکان بۆ گەیشتن بە نەتەوەکان

### وەڵامی شەشەم

بە هۆی ڤایرۆسی کرۆنا، خودا ڕەگی باوەڕدارە چەسپاوەکان لە هەموو جیهاندا هەڵدەتەکێنێت، بۆ ئەوەی ئازادیان بکات بۆ ئەنجامدانی شتێکی نوێ و بنەڕەتی، وە بۆ ئەوەی بە ئینجیلی مەسیح بیاننێرێت بۆ ئەو گەلانەی جیهان کە هێشتا ئینجیلیان پێ نەگەیشتووە.

لەوانەیە گرێدانی ڤایرۆسی کرۆنا بە نێردراوییێتی بە بیرۆکەیەکی سەیر دەربکەوێت؛ چونکە لە ماوەیەکی کورتدا، ڤایرۆسی کرۆنا گەشت و کۆچکردن و کۆبوونەوەی خزمەتی ڕاگرت. بەڵام من بیر لە کورتخایەنی ناکەمەوە؛ لە مێژوودا خودا ئازار و تەنگژەی بەکارهێناوە بۆ جوڵاندنی کڵێساکەی بەرەو ئەو شوێنانەی کە پێویست بووە بۆی بچێت. من پێم وایە لە ڕێگای بەشێک لە کاریگەری درێژخایەنی ڤایرۆسی کرۆنا خودا جارێکی دیکەش ئەمە دووبارە بکاتەوە.

بۆ نموونە، بیر لەوە بکەوە، چۆن خودا گەلەکەی لە ئۆرشەلیم گواستەوە بۆ دەرەوەی ئۆرشەلیم، بۆ نێردراوییێتی، بۆ یەهودیا و سامیرە. عیسا داوای لە قوتابییەکانی کرد ئینجیل بگەیەنن بە هەموو جیهان، «لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی» (کرداری نێردراوان ١: ٨). بەڵام لە سەردەمی بەشی هەشتەمی کرداری نێردراوان، وا دیارە ئەرکەکە لە ئۆرشەلیم چەقیوە.

چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کڵێساکەی بجوڵێنێت بۆ تەواوکردنی نێردراوێتییەکەی؟ لە ئەنجامی مردنی ستیفانۆس و چەوسانەوە بوو. هەر کە ستیفانۆس شەهید بوو، (کرداری نێردراوان ٧: ٦٠)، چەوسانەوە هاتە ئاراوە:

> هەر لەو ڕۆژەدا کڵێسا لە ئۆرشەلیم تووشی چەوسانەوەیەکی توند هات. هەموو بە ناوچەکانی یەهودیا و سامیرەدا پەرشوبڵاو بوونەوە، نێردراوان نەبێت... ئەوانەی پەرشوبڵاو ببوونەوە دەگەڕان و مزگێنیی پەیامی خودایان بڵاودەکردەوە.
>
> (کرداری نێردراوان ٨: ١-٤)

بەو شێوەیە خودا گەلی خۆی جووڵاند -بە شەهیدکردن و چەوسانەوە. لە کۆتاییدا، «یەهودیا و سامریە» گوێیان لە ئینجیل بوو. ڕێگاکانی خودا وەک ڕێگای ئێمە نین. بەڵام ئەرکەکەی دڵنیایە. هەروەها عیساش دەڵێت کەوا وشەکەی شکست ناهێنێت، «لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت» (مەتا ١٦: ١٨). «ئەم مزگێنی پاشایەتییەش لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەک شایەتییەک بۆ هەموو نەتەوەکان، ئینجا کۆتاییەکە دێت» (مەتا ٢٤: ١٤). نەک «لەوانەیە ڕابگەیەنرێت» بەڵکو «ڕادەگەیەنرێت».

## شکست وەک ستراتیژێک بۆ پێشکەوتن

ڕەنگە پێمان وابێت کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا پاشەکشە بێت لە نێردراوێتی بۆ جیهان. بەڵام گومانم لەوە هەیە؛ زۆر جار ئەو ڕێگایانەی خودا کەوا بە کۆسپ و شکست دەردەکەوێت بەرهەمی پێشکەوتنێکی گەورەی هەیە.

لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥، قەشە هیرستۆ کلیچێڤ، قەشەیەکی کڵێساکانی بولگاریا دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە. تاوانەکەی ئەوە بوو کە لە کڵێساکەیدا وتاری داوە، بەڵام دەوڵەت پیاوێکی دیکەی وەک قەشەی کڵێساکە دانابوو، کڵێسا ئەو پیاوەی هەڵنەبژاردبوو. دادگاییکردنەکەی گاڵتەجاڕی بوو، بۆ ماوەی هەشت مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرا. لەو ماوەیەی ئەم قەشەیە لە زینداندا بەسەری برد، بە هەموو شێوەیەک جاڕی مەسیحی دا.

کاتێـک لـە بەندیخانـە هاتـە دەرەوە، نووسـی: «زیندانیـان و پاسـەوانانی زینـدان چەندیـن پرسـیاریان کـرد، بـۆم دەرکـەوت کـە لەوێـدا خزمەتێکـی پـڕ بەرهەمترمـان هەیـە لـەوەی کـە لـە کڵێسـا چاوەڕێـمان دەکـرد؛ لـە زیندانـدا توانیـم خزمەتێکـی باشـتری خـودا بکـەم لـەوەی کـە ئـازاد بـووم.»[q]

زۆربـەی کات ڕێـگای خـودا ئاوایـە. مەترسـی ڤایرۆسـی کڕۆنـا، وە مـەودای جیهانـی تەشەنەسـەندنی، دەرفەتێکـی گرنگـتر و باشـترە لـەوەی خـودا بـە فیـڕۆی بـدات. ئـەوە خزمەتـی ئامانجـە جیهانیـە گشـتگیرەکەی دەکات بـۆ جـاڕدان لـە تـەواوی جیهـان. مەسـیح بـە بێهـودە خوێنـی خـۆی نەڕشـتووە. لـە سـیپارەی ئاشـکراکردن ٥: ٩ دەخوێنینـەوە کـە بـەو خوێنـە خەڵکـی بـۆ خـودا کڕیـوە «لـە هەمـوو هـۆز و زمـان و گـەل و نەتەوەیـەک». ئیـتر بەرهەمـی ئازارەکانـی بەدەسـت دەهێنێـت. تەنانـەت پەتـا و نەخۆشـییەکانیش خزمـەت دەکـەن بـە تەواوکردنـی نێردراوییێتـی مـەزن.

q Herbert Schlossberg, *Called to Suffer, Called to Triumph* (Portland, OR: Multnomah, 1990), 230.

# نوێژی کۆتایی

ئەی باوکە،

بە نیعمەتی تۆ، لە باشترین ساتەکانماندا لە گیتسیمان خەو نامانباتەوە. بەئاگاین و گوێ لە نوێژی کوڕەکەت دەگرین. ئەو لە ناخیەوە دەیزانی کە دەبێت ئازار بچێژێت. بەڵام لە تەواوی مرۆڤبوونیدا هاواری دەکرد: «ئەگەر دەکرێت، با ئەم جامەم لێ دوور بخرێتەوە».

بە هەمان شێوە، لە ناخماندا، هەست دەکەین، کە ئەم پەتایە بە دانایی تۆ هاتووە، بۆ مەبەستی باش و پێویست. ئێمەش دەبێت ئازار بچێژین. کوڕەکەت بێتاوان بوو. ئێمە بێتاوان نین.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لە مرۆڤایەتی ناتەواوماندا، هاوار دەکەین، «ئەگەر دەکرێت، با ئەم جامەم لێ دوور بخرێتەوە». ئەی پەروەردگار، بە خێرایی ئەو کارە بە ئازار و دادپەروەر و میهرەبانە تەواو بکە کە بڕیارت داوە ئەنجامی بدەیت. حوکمدان دوا مەخە. میهرەبانیت دوا مەخە. ئەی یەزدان، بە بەزەییەکەت هەژارانت لەبیر بێت. هاواری نەخۆشان لەبیر مەکە. چاکبوونەوە ببەخشە. چارەسەرێک ببەخشە. ئەی خودایە، ئێمەی بەدیهێنراوی هەژار و بێدەسەڵات نوێژ دەکەین بۆ ئەوەی لەم ئازارە ڕزگارمان بکەیت.

ئەی پەروەردگار، مەشخەڵەت و غەم و پەژارەمان بەفیڕۆ مەدە. گەلەکەت پاک بکەوە لە سەرقاڵبوونی شەرمەزارانەی بە شتی مادی و نەزۆک، وە بە ژیانی چێژوەرگرتنی دوور لە مەسیح. با دەممان دوور بێت لە تام و چێژی شەیتان. ڕەگ و ڕیشەی لووتبەرزی و بەخۆوەنازین و ڕق و کینەمان لێ ببڕە. توانای دڵگەرمیمان پێ بدە بۆ شکۆمەندی تۆ، چاوی دڵمان بکەرەوە بۆ بینین و چێژوەرگرتن لە جوانی مەسیح. دڵەکانمان بخە سەر وشەکەت، کوڕەکەت، وە ڕێگاکەت. پڕمان بکە لە بوێری میهرەبانی. وە بە خزمەتی گەلەکەت ناوێک بۆ خۆت دروست بکە.

دەستت درێژ بکە بۆ بەئاگاهاتنەوەیەکی مەزن لەم جیهانە لەناوچووە. با ئەم قسە ترسناکەی لە سیپارەی ئاشکراکردندا هاتووە لەسەر ئەم نەوەیە نەگوترێت:

«تۆبەیان لە کردەی دەستی خۆیان نەکرد». هەروەک لە جەستەت دا، ئێستا لە ڕۆحە بێئاگاکان بدە. ڕێ مەدە لە تاریکی لووتبەرزی و بێباوەڕیدا بخەوێت. بەڵکو بە بەزەیی و میهرەبانییە گەورەکەت، بەم ئێسکانە بڵێ: «بژی!» وە دڵ و ژیانی ملیۆنان کەس وا لێ بکە لەگەڵ بەهای بێسنووری عیسا بگونجێت.

بە ناوی عیسای مەسیح، ئامین

desiringGod

هەمـوو کەسـێک دەیەوێت دڵخـۆش بێت. ماڵپەڕەکەمـان سـەریهەڵداوە و بنیادنراوە بـۆ دڵخۆشـی. ئێمـە دەمانەوێـت خەڵکـی لـە هەمـوو شـوێنێک تێبگـەن و ئـەو ڕاسـتییە قبـوڵ بکـەن کـەوا خـودا زیاتـر لـە ئێمـەدا شـکۆمەند دەبێـت کاتێـک ئێمـە لێـی تێـر دەبیـن. زیاتـر لـە سـی سـاڵ لـە قسـەکردن و نووسـینی جـۆن پایپەرمـان کۆکردۆتـەوە، هەروەهـا وەرگێڕانەکانـی بـۆ زیاتـر لـە چـل زمـان. هەروەهـا ڕۆژانـە گورزێکـی نوێـی نـووسراو و دەنـگ و ڤیدیۆیـی دابیـن دەکەیـن بـۆ یارمەتیدانـت لـە دۆزینـەوەی ئـەو ڕاسـتی و مەبەسـت و ڕەزامەندییـەی کـە هەرگیـز کۆتایـی نایـەت. وە هەمـووی بـە خۆڕایـی بەردەسـتە، سـوپاس بـۆ بەخشـندەیی ئـەو کەسـانەی کـە بەرەکەتـدارن بـە خزمـەت.

ئەگـەر سـەرچاوەی زیاتـرت دەوێـت بۆ دڵخۆشـی ڕاسـتەقینە، یـان ئەگـەر دەتەوێت زیاتـر بزانیـت دەربـارەی کارەکانمـان لـە شـوێنکەوتنی خـودا، سـەردانی ماڵپەڕەکەمـان بکـە لـە: desiringGod.org.

desiringGod.org

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی سپاردنی کتێب

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة ايداع الكتب

Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers
Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries

ژمارە: ١٥٤٧
رۆژ : ٦ / / گەلاوێژ /٢٧٢٢ کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٠٢٢/٠٨/٢٩

بۆ / چاپخانەی ئاسیا

بابەت/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی سالی ١٩٩٣، ژمارەی سپاردن درا بەم کتێبانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بەتیراژی (١٠٠٠) دانە بەمەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکەن.

| ژ | ناوی کتێب | ئامادەکردنی | بابەت | ژ. سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڤایرۆسی کرۆناو مەسیح | چیاکۆ قادر | ئایینی | ٨٠٤ |

سەرباز جەوهەر بابان
جێگری بەڕێوەبەری گشتی
٢٠٢٢/٠٨/٢٩

تێبینی:
١-دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە دەنووسرێت,لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشیەکان /هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (.....)سالی ٢٠٢٢پێدراوە.
١-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە ژمارەی سپاردنی نادرێ

وێنەیەک:
کارگێری خۆیەتی
هەلگرتن
خو

library.kurdistan@yahoo.com
Iraq - KRG – Erbil – Behind MOCY
هەرێمی کوردستانی عێراق – هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
اقليم كوردستان العراق – أربيل – شارع كوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب

«ئەمە ئەو کاتەیە کە هەست دەکەین جیهان ناسکە. ئەو دەزگایانەی کە هەست دەکەین پتەون دەرکەوت لەرزۆکن. ئەو پرسیارەی کە دەبێت بپرسین ئەوەیە، ئایا ئێمە لەسەر بەردێک ڕاوەستاوین؟ بەردێک کە هەرگیز ناهەژێت؟»

## جۆن پایپەر

لە 11ی کانونی یەکەمی 2020، ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان کرد بە ڕاگەیاندنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا (COVID-19) و یەکەمین قوربانی لە پارێزگای ووهانی چین ڕاگەیەنرا. لە 11ی ئازاری 2020، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەک پەتایەکی جیهانی ڕایگەیاند. لە ناوەڕاستی ئەم ترس و نادڵنیاییەدا، شتێکی سروشتییە کە بپرسم خودا چی دەکات.

لە کتێبی ڤایرۆسی کرۆنا و مەسیح، جۆن پایپەر خوێنەرانی لە هەموو جیهان بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی لەسەر تاشەبەردەکە ڕابوەستن، کە ئەویش عیسای مەسیحە، کە لەودا دەکرێت ڕۆحی ئێمە لە لایەن خودای باڵادەستەوە پشتگیری بکرێت، کە فەرمانڕەوایی دەکات و بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە بۆ هێنانەدی دانایی و خواستی باشی خۆی بۆ ئەوانەی متمانەیان پێی هەیە. خودا لە ڕێگای ڤایرۆسی کرۆناوە چی دەکات؟ جۆن پایپەر شەش وەڵامی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز بۆ ئەم پرسیارە پێشکەش دەکات، وە بۆمان دەردەخات کە خودا کار لەم سەردەمەی مێژوودا دەکات.

+

جۆن پایپەر دامەزرێنەر و مامۆستای پێشەنگە لە desiringGod.org و ڕاگری کۆلێژ و قوتابخانەی بێتلەحمە. بۆ ماوەی سی و سێ ساڵ، وەک قەشەی پایەبەرزی کڵێسای بێتلەحمی لەئاوهەڵکێشی لە مینیسۆتا خزمەتی کردووە. نووسەری زیاتر لە پەنجا کتێبە، لەوانە کتێبی گەڕان بەدوای خودا؛ ژیانت بە فیڕۆ مەدە؛ وە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی سەرووی سروشت.

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR